تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5732) پێنج شەممە 18ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵی ئایینی ئێزیدی، چارشەمبا سۆر

سەرۆک بارزانی: بە هەموو توانایەک پشتگیریی داخوازییەکانی خوشک و برایانی ئێزیدی دەکەم



سەرۆک بارزانی بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵی ئایینی ئێزیدییەکانەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو خوشک و برایانی ئێزیدی لە کوردستان و جیهان کردو هیوای بەختەوەری و کامەرانییان بۆ خواستن. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی سەری ساڵی ئایینی ئێزیدی، چارشەمبا سۆر، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هەموو خوشک و برایانی ئێزیدی لە کوردستان و جیهان دەکەم و هیوای بەختەوەری و کامەرانییان بۆ دەخوازم.

لە سالانی ڕابردوودا خوشک و برایانی ئێزیدی بەهۆی زوڵم و تاوانی تیرۆریستان و ناحەزان ئێش و ئازارێکی زۆریان بینیوە کە لە میژوودا وێنەی نەبووە. لێردا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە بە هەموو توانایەک پشتگیریی داخوازییەکانی خوشک و برایانی ئێزیدی دەکەم و پێویستیشە هەموو لایەک هاوکار بێت بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بڕیار لە چارەنووس و ئایندەی خۆیان بدەن و بڕیندارەکانیان ساڕێژ بکەن و کۆتایی بە ئاوارەیی و نەهامەتییان بێت. لەو بۆنەیەدا خوشک و برا ئێزیدییەکان و هەموو پێکهاتەکانی تر لەوە دڵنیا دەکەمەوە کە کوردستان وڵاتی پێکەوەژیانە و دەبێ ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندە و برایەتی و تەبایی فراوانتر بکرێت.

هیوادارم هەموو جەژن و بۆنەکانتان بە شادی و ئاسوودەیی بەڕێ بکەن و بێتن بە خێر و خۆشی.

مسعود بارزانی
16/ 4/ 2019



نێچیرڤان بارزانی:

بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگە هیچ کاتێک کۆتایی نایەت

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە 2019/4/16 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتار و کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی بیانی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ئەکادیمی و کەسایەتییانی بواری پاراستنی ژینگە، لە هەولێر ڕێوڕەسمی یادی ڕۆژی ژینگەی کوردستان بەڕێوەچوو.



سەرۆک بارزانی: داوامان کرد کونسوڵخانەی چین لە هەولێر ڤیزا بە هاوڵاتیانی کوردستان بدات



جەژنی سەری ساڵی ئایینی ئێزیدی، چارشەمبا سۆر

دادگای فیدراڵیی عێراق کۆرسیی پەرلەمانتارێک وەردەگرێتەوە و دەیداتە کاندیدێکی دیکە

یونادم یوسف کەنا، سەرکردەیەکی مەسیحییەکان بە میدیا عێراقییەکانی ڕاگەیاندووە، دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بڕیاری داوە کورسیی کۆتای مەسیحییەکانی بەغدا، بداتە ئەو. بەو بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی، بورهانەدین ئیسحاق لە پەرلەمان نامێنێت و کورسییەکەی دەدرێتە یونادم یوسف کەنا. یونادم یوسف کەنا ئاماژەی بەوەش کردووە، کە ئەو بڕیارە دوای سکاڵای ئەو هاتووە و بڕیارەکەش کۆتاییە و ناتوانرێ تانەی لێ بدرێت.

یەکگرتنەوەی یەکەی حەفتاو هەشتا شەراکەتی ڕاستەقینەیە لە حکوومەتدا

سەلام عەبدوڵلا

شەراکەتی ڕاستەقینە تەنیا بە پێدانی پلەو پایەو پۆست لە وەزارەتەکان نایەتە دی، ئەمە زۆرجار لە ماوەی ئەم (27) ساڵەدا ئەزموون کراو و ئەو شەراکەتە ڕاستەقینەیە نەهاتەدی، چونکە لایەنێکی گرنگی حکوومەتێکی بەهێزو سەرکەوتوو و ڕاستەقینە پێویستی بە پلەی یەکەم بە یەکپارچەیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانە هەم بۆ پاراستنی هەرێم و هەم بۆ ڕێگری لە دووبەرەکی و، دوو ئیدارەیی، بۆیە تا ئەو کارە نەیەتە دی ئەوا نە هەرێمەکەمان پارێزراو دەبێت و نە بەرگەی خۆڕاگری حکوومەتەکەمان بەرامبەر هەڕەشەی دەرەکی دەگرێت، چونکە هەموو لایەکمان ئەو ڕاستییەمان دی کە هۆی سەرەکی لە دەستدانی لە سەدا پەنجای هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە کە تەنها لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە سەرپەرشتی وەرگرێت و تەنیاو تەنیا فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە جێبەجێ بکات نەک فەرمانی حزبی جا لە هەر لایەکەوە بێت.

بۆیە ئەم هەوڵەی ئێستا بە چڕوپڕی دەدرێ دەبێت لەلایەن پەرلەمان و حزبەکانەوە زۆر بە جدی کاری لەسەر بکرێ و هێزەکانی یەکەی حەفتاو هەشتا بەجۆرێک تێکەڵ بە یەکتری بکرێ کە هیچ پێشمەرگەیەک هەست نەکات کە ئەو چەکداری لایەکەو دەبێت فەرمان لە حزبەکەیەوە وەربگرێ و ئەم هێزە نوێیەش دەبێ بە کادری تازەو گەنجانی مەشقپێکراو بەپێی لایەنگری بۆ حزبێک لەو سوپایەدا قبوڵ نەکرێ، بەڵکو وەکو هاوولاتییەکی هەرێم جا سەر بە هەر حزب و لایەنێک بێت ئەوا دەبێ لەو سوپا یەکگرتووەدا جێگیر بکرێت و بەهیچ شێوەیەک نەهێڵرێ لەنێو سوپادا باسی حزب و حزبایەتی بکرێ، بەڵکو تەنیا لەسەر نیشتمانپەروەری و بەرگری لە نیشتمانپەروەری بکرێ و هەست بەوە نەکات کە بۆ حزبێک و لایەنێک پەروەردە دەکرێ، بەمەش بەڕاستی سوپایەکی نیشتمانی و حکوومەتێکی ڕاستەقینەی هاوولاتییان دەستەبەر دەکرێت، بەهیوای ئەوەی پەرلەمان ئەم کارە پیرۆزە بکاتە سەرەکیترین کاری لەنێو پەرلەماندا.

ئیمانوێل ماکرۆن: نۆتردام بە شێوەیەکی جوانتر دروست دەکەینەوە


زیاتر لەلاپەڕە 4 بخوێنەوە



بالەی کچانی پەروەردەی دەوروبەر بوونە پاڵەوانی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان

زیاتر لەلاپەڕە 15 بخوێنەوە

پەرلەمانی عێراق یاریی پەبجی قەدەغە دەکات



ئەنجوومەنی نوێنەران داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات یاریی پەبجی و هەروەها یارییەکانی فۆرتنایت و نەهەنگی شین و ئەو یارییانەی دیکەش کە تونددوتیژی بڵاودەکەنەوە قەدەغە بکات و بەو پێیەی زیانیان زۆرتر بووە لە قازانج. د. مەیادە نەجار ئەندامی پەرلەمانی عێراق بەخەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ چوارشەمە پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا، بەهۆی کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر تەندروستی و ڕۆشنبیری و ئاسایشی کۆمەڵگای عێراقی یاری پەبجی و هاوشێوەکانی دیکەی قەدەغە بکرێت. جێی باسە لەماوەی ڕابردوو بەهۆی یاریی پەبجییەوە چەند کەسێک کوژران و هەروەها چەندین کێشەی دیکەی کۆمەڵایەتیشی لێکەوتووەتەوە، جگە لەوەش لە ڕووی خوێندنەوە زیانێکی زۆری بە قوتابیان گەیاندووە.

نێچیرڤان بارزانی جەخت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ قەتەر دەکاتەوە

هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم لە دوا قۆناغدان



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز حوسێن ئەلفەزالە هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی قەتەر لە بەغدا، خواستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەتەر نیشان دا، پوختەیەکیشی دەربارەی قەیرانەکانی سالانی ڕابردوو و تێپەڕاندنیان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش کرد بەتایبەتی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

هەر لەم دیدارەدا کە پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/4/17 بەڕێوەچوو، بەڕێزیان باسی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوە دا کە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم لە دوا قۆناغدان.

لای خۆیەوە بەڕێز ئەلفەزالە سڵاو و ڕێزی سەرکردایەتیی وڵاتەکەی گەیاندە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و پیرۆزباییی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای خواست کابینەی نوێ بە زووترین کات پێکبهێنرێت، جەختیشی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی قەتەر لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان و شەڕی دژی تیرۆر و پێشوازیکردن لە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران بەرز نرخاند.

هەردوولا باسیان لە پرسی ئاوارە و پەنابەران کرد و جەختیان لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی داعش و گەڕانەوەی سەربەرزانەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان کردەوە.

بەڕێز ئەلفەزالە باسی لە سەردانی شاندێکی بزنسمانانی قەتەری بۆ هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دروستکردنی دەرفەتی وەبەرهێنان کرد و لەمبارەیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لەم هەنگاوە کرد و هاوکاری و ئاسانکاریی حکوومەتی هەرێمی بۆ وەبەرهێنەرانی دووپات کردەوە.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی هەرێمی بادن ڤۆتمبێرگی ئەڵمانی کۆبووەوە

هەوڵەکانمان بۆ ڕزگارکردنی کچ و کوڕانی ئێزدی لە دەستی داعش بەردەوامە



لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ شاندێکی باڵای هەرێمی بادن ڤۆرتمبێرگی ئەڵمانیدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتگیری و هاوکارییە بەردەوامەکانی گەل و حکوومەتی ئەڵمانیا و هەرێمی بادن ڤۆتمبێرگ لە کاتە سەختەکاندا بۆ هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتی لە بوارەکانی سەربازی و مرۆییدا، هەروەها پوختەیەکیشی دەربارەی قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران پێشکەش کرد و بە پێویستی زانی دوای ئەم قۆناغە کاری هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیری تووندڕەویی داعش لە ناوچەکە بکرێت.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە 2019/4/16 بەڕێوەچوو، شاندی میوان کە لە خاتوو تیریسا باوەر وەزیری زانست و لێکۆڵینەوە و خاتوو تێرێزا شۆپێر وەزیری دەوڵەت لە هەرێمی بادن ڤۆرتمبێرگ و خاتوو باربارا وۆلف کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان و چەند پەرلەمانتارێکی پەرلەمانی هەرێمەکە پێکهاتبوو، خۆشحاڵیی خۆیان بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی هەرێم و پەنابەران دەربڕی و ڕۆڵ و قوربانیدانی خەڵک و پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان لە حەواندنەوە و پاراستنی ئاوارەکان لە مەترسیی تیرۆر بەرز نرخاند.

شاندی میوان پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی بادن ڤۆرتمبێرگیان لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، یارمەتیی مرۆیی، ژینگە و تەندروستیدا دووپات کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر هاوکارییەک لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا نیشان دا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سیاسەتی دەستپێشخەریی هەرێمی بادن ڤۆرتمبێرگی کرد لە چارەسەرکردنی منداڵ و کچانی ڕزگارکراوی ئێزدی لە دەستی داعش کە کاریگەرییەکی زۆر باشی بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە هەبوو، هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕزگارکردنی کچ و کوڕانی ئێزدی لە دەستی داعش بەردەوامە و تا کۆتاییش بەردەوام دەبێت هەردوولا لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکان نەک تەنیا لەسەر ئاستی دەزگاکانی حکوومەت، بەڵکو لەسەر ئاستی پەرلەمانی هەردوو هەرێم کۆک بوون.

نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتی چین دەکرێت



بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری چینی میللی، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستیی دەسەڵاتداری چینەوە بانگێشتی پەکین کرا.

لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێزیاندا لەگەڵ بەڕێز لی ژوون جێگری بەرپرسی پەیوندییە نێودەوڵەتییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی چیندا کە ڕۆژی سێشەممە 2019/4/16 لە هەولێر بەڕێوەچوو، هەردوولا جەختیان لە پەرەپێدانی پەیوندییەکان و هاوکاری و هەماهەنگی لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی و پەرەپێدان و بنیاتنانی ژێرخان و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان و بوارەکانی دیکەدا کردەوە و تیشکیان خستە سەر پرۆژەی پشتێنە و ڕێگای بەڕێز سەرۆکی چین کە دەکرێ لە عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و جیهانیش سوودی لێ وەربگیرێت.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان بالیۆزی چین لە عێراق و کونسوڵی گشتیی چین لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان ئاماده بوون، بەڕێز ژوون دووپاتی کردەوە کە کۆماری چینی میللی بە ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانێتە ڕۆڵی کاریگەری هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و تێکشکاندنی داعش و هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەک لەگەڵ هەرێم و عێراقدا دەکات بۆ بنیاتنانی باشترین پەیوەندیی دوولایەنە و دروستکردنی دەرفەتی کار و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی چینی لە بوارەکانی کارگێڕی و ئابووری و خزمەتگوزاری و تەکنەلۆژیدا.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پشتگیری و هاوکارییەکانی چینی بۆ هەرێمی کوردستان کرد و ستایشی ڕۆڵی باڵیۆزخانەی چین لە بەغدا و کونسوڵخانەی گشتییان لە هەرێمی کوردستان کرد کە بەردەوام لە پێناو بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و چین کار دەکەن و هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەکی بۆ کار و پرۆژە و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنەرانی چینی لە هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

پارتی و شاندێکی باڵای کۆماری چین کۆبوونەوە

مەحمود محەمەد: داوامان کرد کونسوڵخانەی چین لە هەولێر ڤیزا بە هاوڵاتیانی کوردستان بدات



شاندێکی باڵای کۆماری چین کە پێکهاتبوون لە جێگری بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی چین و باڵیۆز و کونسوڵی چین لە لە عێراق و هەرێمی کوردستان و شاندێکی حزبی شیوعی چین سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە لێدوانێکدا مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامانج و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ڕوونکردەوە و گوتی: شاندی چین بە گرنگییەوە سەیری ڕێگەی ئاوریشم دەکەن، ئەو ڕێگەیەی کە لە کۆنەوە هەبووە ئەورووپا و ئاسیای دوور بەیەک دەبەستێتەوە، هەر لەو دیدارەدا داوامان کرد کە کونسوڵخانەی چین لە هەولێر ڤیزا بداتە هاوڵاتیانی کوردستان کە بۆ گەشتیاری و بازرگانی دەچنە چین، چونکە بۆ زۆر کەس زەحمەتە بۆ وەرگرتنی ڤیزا بچێتە بەغدا، ئەوانیش بەڵێنیان دا کە هەوڵ دەدەن کار لەو بابەتە بکەن.

پێشمەرگە داوای پشکی چەک و تەقەمەنیی خۆی لە حکوومەتی عێراق دەکات



بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان داوای پشکی چەک و تەقەمەنیی خۆی لە سوپای عێراق دەکات و دەبێت بەپێی دەستووریش ئەو پرسە یەکلابکرێتەوە.

لیوا بابەکر فەقێ، بۆ مالپەڕی پارتی گوتی: لەبارەی چەکەوە لێژنەیەکی تایبەت لە نێوان هەولێر و بەغدا پێکهاتووە و لێژنەیەکی بالا هەیە بۆ سەردانی حکوومەتی عێراق. دووشەمەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەک کرا، کۆبوونەوەکانیش بۆ لێکگەیشتن لەسەر کۆی پرسەکان لەگەڵ بەغدا بەردەوام دەبن.

لیوا بابەکر فەقێ گوتی: وەزارەتی پێشمەرگە بە پلەی یەکەم کاری لەسەر میزانییە و بودجە کرد و چەسپاندی، ئەوانی دیکەش قۆناغ بە قۆناغ کاریان لەسەر دەکرێت، چونکە پێشمەرگە بەشێکە لە چوارچێوەی دامەزراوەی ئەمنیی عێراق، ئەو ئیمتیازانەی بە سوپای عێراق دەدرێن، دەبێ پێشمەرگەش بگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەو خیلاف و ڕێکنەکەوتنەی بەغدا و هەولێر نەکراوە.

لیوا بابەکر فەقێ ئەوەیشی خستەڕوو، کە بۆ داهاتوو پێشمەرگە داوای پشکی چەک و تەقەمەنیی خۆی لە حکوومەتی عێراق دەکات. بەپێی دەستووری عێراق، پێشمەرگە دەبێ لە 17%ی چەک و تەقەمەنی و بودجەی سوپای عێراقی پێ بدرێت. لیوا بابەکر فەقێ دەڵێت: ئێمە داوای ئەو بەشەمان دەکەین.

نێچیرڤان بارزانی: بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگە هیچ کاتێک کۆتایی نایەت

ژیان و جەستە و ئەقڵێکی تەندروست، لە ژینگەیەکی پاک و پارێزراوی تەندروستەوە دێن



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە 2019/4/16 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتار و کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی بیانی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئەکادیمی و کەسایەتییانی بواری پاراستنی ژینگە، لە هەولێر ڕێورەسمی یادی ڕۆژی ژینگەی کوردستان بەڕێوەچوو. لە ڕێورەسمەکەدا بەڕێز سەرۆک وەزیران وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا وێرانی بەخێرهێنانی میوانان، ڕایگەیاند کە ژینگە بابەتێکی زۆر گرنگ و خەمێکی گەورەی هەیە بەرپرسیاریەتی و ڕەفتاری چاک بەرامبەر بە ژینگە، ئەرک و پێویستییەکی هەمیشەییە چونکە سەرەتا و ئایندەی مرۆڤ سەرچاوەی یەکەمی ژیانە و تا ژینگە پاکوخاوێن بێ مەترسی لەسەر ژیان و مرۆڤایەتی کەمترە و بە پێچەوانەشەوە مەترسی زیاتر دەبێت .

بەڕێزیان ئاماژەی بە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە کرد وەک بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، بەکارهێنانی زۆری وزە، شەڕ و پێکدادانی سەربازی و ناهۆشیاریی ژینگەیی کە بوونەتە هۆکاری پیسبوونێکی ترسناک و تێکچوونی هاوسەنگیی ژینگە، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەر ژیان و داهاتووی مرۆڤ و گۆی زەوی دروست کردووە.

وێڕای هەموو هەوڵەکانی حکوومەت و ئاژانس و ڕێکخراوەکان، بەداخەوە هێشتا پیسبوونی ژینگە مەترسییەکی گەورەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێت. جیهان پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگییەکی زیاتر و بە خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی باشترە بۆ ئەو مەترسیانەی لە ئەنجامی پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی بەردەوامی پلەکانی گەرماوە، ڕووبەڕووی بەڵکو ژینگەکەیشی بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا ڕووبەڕووی تێکدان بۆتەوە و بۆ ئەمەش پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران‌کردنی بیرهێنایەوە کە بە هەزاران گوندی کوردستان بە هەموو شێوەیەک وێران کران و بە گازی ژەهراوی و تەقەمەنییەکان پیس کران و هێشتا کاریگەریی خراپیان لەسەر ژینگە ماوە و هۆکاری دەیان نەخۆشیی کوشندە و ترسناکن، هەروەها ئاشکرای کرد کە ژیان و جەستە و ئەقڵێکی تەندروست لە ژینگەیەکی پاک و پارێزراوی تەندروستەوە دێن و جەختی لەوە کردەوە کە ژینگەپارێزی لە ژینگە پاکەکاندا ئەرکێکی لەپێشینەیە .

لە کۆتاییی وتەکەیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هیوای خواست جیهان، بەتایبەتی وڵاتانی گەورە خەمێکی باشتر لە پرسی ژینگە بخۆن و ڕێککەوتن و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس و لووتکە نێودەوڵەتییەکانی ستۆکهۆڵم، بەرازیل، کیۆتۆ، کۆپنهاگن و پاریس جێبەجێ بکرێن و مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر مرۆڤایەتی کەم بکەنەوە، بەم بۆنەیەشەوە هەڵمەتێکی یەک هەفتەیی بۆ پاککردنەوەی ژینگە و سروشتی کوردستان ڕاگەیاند و داوای کرد هەموو تاکێکی کوردستان لە شوێنی خۆیەوە بەشداریی لەم هەڵمەتەدا بکەن، هەروەها سوپاسی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و سەرۆکی دەستە بەڕێز د. هەڵۆ عەسکەری و پۆلیسی دارستان و پێشمەرگەی پاراستنی ژینگەی کرد بۆ کار و ئەرکەکانیان و داوای لێکردن سالانە ژینگەپارێزان خەڵات بکەن. **ئەمەش دەقی وتارەکەیە:**

پاراستنی ژینگە بەرپرسیارییەکی مرۆڤی، ویژدانی، ئەخلاقی و ئایینیشە

هەساردەکەمان دەبنەوە. ئەمە بەرپرسیاریەتی و ئەرکێکی هاوبەشی جیهانە کە دەبێت چارەسەر بکرێت.

بەڕێزان...

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بە درێژایی سەدەی بیست و تا دەگاتە ئێستاش کە شەڕی دژی تیرۆر بەردەوامە، ژینگەی کوردستان، سروشت و خاک و ئاو و هەوای ئەم وڵاتە، بە ڕێکخراوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕووبەڕووی تێکدان، پیسکردن، شێواندن، سووتاندن، سڕینەوە و لەناوبردن بۆتەوە. هێرش و شاڵاوەکان نەک تەنیا خەڵک، بەڵکوو زۆر بە وردی ژینگەی کوردستانیشیان بە ئاماج گرتووە و هەرچیان لە دەست هاتبێ، بەرامبەر بە ژینگەی کوردستان و تێکدانی دڕێغییان نەکردووە .

لە ئەنفالدا بە هەزاران گوند و دێهاتی کوردستان وێران کران، سەتان هەزار کیلۆمەتر زەوی، بە هەزاران کانیاو و دارستان و ڕەز و باخ، بە دەیان چەم و ڕووبار، بە گازی ژەهراوی، بە بۆردومانی تۆپ و فڕۆکە و بە پاشماوەی مین و تەقەمەنی پیس کران کە هێشتا کاریگەریی خراپیان لەسەر ژینگە بەجێ ماوە. تا ئێستاش هۆکاری دەیان نەخۆشیی کوشندە و ترسناک و لەدایکبوونی شێواون. ئەم کاریگەرییە، بە داخەوە تا ماوەیەکی درێژ هەر بەردەوام دەبێت.

ژیان و جەستە و ئەقڵێکی تەندروست، لە ژینگەیەکی پاک و پارێزراوی تەندروستەوە دێن. ژینگەپارێزی لە ژینگە هەرە پاک و پارێزراوەکانیشدا، ئەرکێکی لەپێشینەیە، ئینجا دەبێ لە وڵاتێکی وەک هەرێمی کوردستان چۆن بێت کە هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەرهاتووە؟!

بەڕێزان...

لە یەکەم دەرفەتدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەزاران گوند و دێهاتی وێرانکراوی ئاوەدان کردووە. ژیانی بۆ سەدان ناوچەی چۆڵکراو گەڕاندەوە. ژینگە و سروشتی ژیاندەوە و گیانێکی تازەی بە بەر کوردستاندا کردەوە. ڕاستە ئەوەی کە کراوە تا ئێستا لە ئاستی خواست و خەونەکانی ئێمەدا نییە، بەڵام ئەم کاروانە بێگومان ناوەستێت و بەردەوام دەبێت .ئەوەی پێویستە، هاوکاریی حکوومەت و دەزگا پەیوەندارەکان و هاووڵاتیانە بۆ پاراستنی ژینگە و ڕاگرتنی پاکوخاوێنیی سروشت و ئاو و هەوای کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان یاسای تایبەت و دامودەزگا و دامەزراوە و ڕێکخراوی تایبەت بە پاراستنی ژینگە هەن. حکوومەت زۆر هەنگاوی ناوە. سەتان هەزار دار و درەخت چێنراون، پارکی نیشتمانی دروست کراون، بۆ پاراستنی گیاندارانی کێوی و باڵندەکان، لەسەر پابەندیی پاراستنی ژینگە بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی و نیشتەجێبوون ڕێنمایی دەرچووە. ڕووبەری سەوزایی زیاد کراوە. دواجاریش بڕیاری داخستنی چەندین پالاوتگەمان داوە کە یەکێک لە خراپترین هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگەن.

بەڵام ئەمانە هەموویان بەس نین و نەمانتوانیوە وەک پێویست ژینگە بپارێزین. ئەم ئەرکە تەنیا بەوە جێبەجێ ناکرێت. هاووڵاتیان دەبێ خۆیان کولتوور و هۆشیاریی پاراستنی ژینگەییان هەبێت. دەبێ خۆیان بە خاوەنی ژینگە و سروشتی کوردستان بزانن. بە هەموو دڵسۆزییەوە بپارێزن و ڕێگە نەدەن ژینگە پیس بکرێت. حکوومەتیش دەبێ ڕێکار و سزادانی سەرپێچیکاران توندوتۆڵتر بکات.

هەر یەکێکمان دەتوانین لە خۆمانەوە، لە ماڵ و لە کۆڵان و شەقام و لە شوێنی کار و ئۆفیسەکانمانەوە دەست پێبکەین و پاکوخاوێنییان بپارێزین. زۆر گرنگە هەر تاکێکی کوردستان ئەوە بزانێت و باش لەوە تێبگات کە فڕێدانی بتڵێکی پلاستیکی، یان هەر شتێکی تر لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەوە، یان لەسەر جادە و شەقامەکان، لە سەیرانگە و هاوینەهەوارەکان و لە هەر شوێنێکی دیکە، زیان بە ژینگەی خۆی دەگەیەنێت. زیان بەو هەوا و هەناسەیە دەگەیەنێت و ژەهراوی دەکات کە ئەمڕۆ خۆی و منداڵەکانی، بەیانیش نەوەکانی هەڵیدەمژن و پێی دەژین.

ئەگەر بە وردی و بە لێکدانەوە، سەیرێکی فڕێدانی خاشاک، نایلۆنێک، کاغەزێک، کارتۆنێک، جگەرەیەک، یان هەر شتێکی دیکە بکەیت، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە ئەوە هەر بە تەنیا فڕێدانێک نییە و تەواو! نەخێر ئەوە پیسکردنی ئەو ژینگە و هەوا و خاکەیە کە بۆ خۆت و خانەوادەکەت و دەوروبەر و خەڵک بۆ ژیان و داهاتوویەکی تەندروست، بۆ دووری لە نەخۆشی و بۆ تەندروستییەکی باشتر، پێویستییان پێیەتی .

بۆیە داوا لە هەموو کوردستانییەک دەکەم، هەتا بۆیان بکرێت ژینگە بپارێزن، لە هەموو شتێکدا پاکوخاوێنی ڕابگرن. کوردستان، ئەم وڵاتە جوانە، ئەم سروشتە جوانە، بە مۆڵکی خۆت بزانە و پارێزگاری لێ بکە. چۆن قبوڵت نییە نوێن و ژوور و ناوماڵەکەت پیس بێت، ئاواش قبوڵت نەبێت کۆڵان و شەقام و شار و گوند، سروشت و سەیرانگە و چۆڵەوانی، ئاو و هەوا و خاک و خۆڵی کوردستان پیس بکرێت. هەموو ئەمانە ژیانی من و تۆن، ژیانی ئێمە هەموومانە، دەبێ وەک گلێنەی چاومان بپارێزین و نەهێڵین ژینگە پیس بکرێت.

با هەموومان هەوڵ بدەین کەمتر ئۆتۆمبیل و گاز و سووتەمەنییەکان بەکاربهێنین. لە کۆی داریەک بڕایەوە، با لە جیاتی ئەو دوو داری تر بڕوێنین. هەموو کەسێک بەرامبەر ژینگە لێپرسراوە. بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ژینگە لە ئێستاوە تا نەوەکانی داهاتوو هیچ کاتێک کۆتایی نایەت. پاراستنی ژینگە بەرپرسیارییەکی مرۆیی، ویژدانی، ئەخلاقی و ئایینیشە. دەبێ پاراستنی ژینگە خەم و ئەرکێکی ڕۆژانەی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بێت.

ئامادەبوانی بەڕێز...

هەرێمی کوردستان پێویستی بە ستراتیژیەکی نیشتمانییە بۆ پاراستنی ژینگە. هەموو ڕێکارێک دەگرینە بەر، بۆ ئەوەی ژینگە بپارێزین. دەبینە بەشێک لە هەوڵەکانی جیهانیش بۆ پاراستنی ژینگە، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە، ئاگایی و هۆشیاریی تاک، دڵسۆزی و خۆشەویستیی تاک بۆ وڵاتەکەی و پاراستنی ژینگە، لە هەموو یاسا و ڕێکارەکان گرنگتر و جددیترە .

هەموو هەوڵێک دەدەین هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتییەوە، تا دەگاتە زانکۆ، باشترین هۆشیاریی ژینگەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگیر بکەین. منداڵەکانمان دەبێ بە باشترین شێوە فێری خۆشەویستیی کوردستان و پاراستنی ژینگەی کوردستان بکەین. میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ ئەوپەڕی گرنگی بە ژینگەپارێزی بدەن و بەردەوام ئاگایی و هۆشیاری لەمبارەیەوە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بڵاو بکەنەوە. مزگەوت و کڵێساکان و مامۆستا و زانایانی ئایینیش دەبێ ڕۆڵی خۆیان لەمبارەیەوە زۆر بە جددی ببینن و هەوڵی بەردەوام بدەن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە پرسی ژینگەدا.

دەبێ لە قۆناغەکانی داهاتوودا ڕیسایکڵین بۆ جیاکردنەوە و بەکارهێنانەوەی خاشاک باشتر بکرێت. سوود لە وزەی جێگرەوەی وەک تیشکی خۆر و با و تەکنەلۆژیای پاک و دۆستی ژینگە وەربگیرێت. بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل کەم بکرێتەوە و هەوڵی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی کارەبایی بدرێت لە ئایندەدا. سیستەمی گواستنەوەی گشتی فراوانتر بکرێت و بەرە بەرە بخریتە سەر وزەی پاک.

لە هەر کوێ بۆمان کرا، با هەموومان داریەک، دەرختێک، گوڵێک لە باخچەکە، لە ئینجانەیەکدا بچێنین و وەک هاوڕێی تەمەن لێی بڕوانین. چاومان لێبێت تا گەورە دەبێت و ژینگەیەکی پاکتر و جوانترمان دەداتێ. با هەموومان چیرۆکێکی خۆشەویستیمان لەگەڵ داریەک، دەرختێک، لەگەڵ گوڵێکدا هەبێت. کوردستان سروشتێکی زۆر جوانی هەیە، دەکرێ ببێتە شوێنێکی گەشتیاریی خۆش و جوانی ناوچەکە و جیهانیش. وەرن با پێکەوە بە پاراستنی سروشت و ژینگە، ژیان لە کوردستان خۆشتر و جوانتر بکەین.


لە کۆتاییدا هیوادارم جیهان، بەتایبەتی وڵاتانی گەورە خەمێکی باشتر لە پرسی ژینگە و پاراستنی بخۆن. ڕێککەوتن و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس و لووتکە نێودەوڵەتییەکانی ستۆکهۆڵم، بەرازیل، کیۆتۆ، کۆپنهاگن و پاریس جێبەجێ بکرێن و مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر مرۆڤایەتی کەم ببنەوە.

هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەمڕۆ هەڵمەتێکی یەک هەفتەیی بۆ پاککردنەوەی ژینگە و سروشتی کوردستان ڕادەگەیەنین. با هەموو تاکێکی کوردستان لە شوێنی خۆیەوە بەشداریی ئەم هەڵمەتە و پاکڕاگرتن و پاراستنی سروشت و ژینگەی کوردستان بکات.

سوپاسی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و سەرۆکی دەستە بەڕێز د. هەڵۆ عەسکەری و پۆلیسی دارستان و پێشمەرگەی پاراستنی ژینگە دەکەم بۆ کار و ئەرکەکانیان. هەروەها بۆ هاندانی پاراستنی ژینگە، داوایان لێدەکەم سالانە ژینگەپارێزان لە بۆنەیەکی ئاوادا خەڵات بکرێن.

هیوای ڕۆژێکی خۆش بۆ هەموتان دەخوازم.

بە خێرێن
زۆر سوپاس



هێمن هەورامی پێشوازیی لە کونسوڵی گشتیی کۆماری کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد

لە ئایندەیەکی نزیکدا پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت کۆتایی دێت

ڕۆژی سێشەمە 16ی نیسانی 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە چۆی کوان جین، کونسوڵی گشتیی کۆماری کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پیرۆزبایی لە کونسوڵی گشتیی کۆماری کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستە نوێیەکەی و هیوای خواست کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆریای باشوور بەرەوپێشچوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ و هەروەها پردێکی پەیوەندیی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆماری کۆریای باشوور دروستبکرێت بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کاری پەرلەمانیی ووڵاتێکی وەک کۆریای باشوور کە لە بواری تەکنۆلۆجیادا ووڵاتێکی پێشکەوتووە.

هەر لەدیدارەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی لە هەنگاوەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد بۆ چاکسازیکردن لە ناوخۆی پەرلەمان کرد و باسی بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و هەنگاوە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و رایگەیاند: لە ئێستادا لە یەکتر نزیکبوونەوەیەکی باش لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و لە ئایندەیەکی نزیکدا پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت کۆتایی پێدێت و دوای پێکهێنانیشی پەرلەمانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم دەست بە پرۆسەی چاکسازییەکی گشتگیر لە سەرجەم سێکتەرەکاندا دەکەین و هەوڵەکانمان چڕ دەکەینەوە بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوون و دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە . هەروەها ستایشی حکوومەت و گەلی کۆریای باشووری کرد کە لە ڕابردوودا هاوکارییەکی باشی هەرێمی کوردستانی کردووە و هیوای خواست کە ئەو هاوکارییانە بەردەوامییان هەبێت.

لای خۆیەوە چۆی کوان جین، کونسوڵی گشتیی کۆماری کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایکردن لە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستە نوێیەکەی، جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆریای باشوور کردەوە و ئاماژەی بەوەکرد کە کۆریای باشوور تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی بەجینۆسایدناساندووە و خۆشحاڵیی خۆشی بەو هەنگاوانەی پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم و ئەو چاکسازییانەی کە لە ناوخۆی پەرلەمان دەستپێکردووە دەربڕی و بەدەسپێکێکی باشی لە قەڵەمدا.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەک دیاریەک بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لۆگۆی پەرلەمانی کوردستانی پێشکەش بە کونسوڵی گشتیی کۆماری کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد.

گولیزار ڕەشید:

پێویستە پەلە لە تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گاز بکرێت

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانی سرووشتیی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە دەیانەوێت هەماهەنگی لەنێوان پەرلەمان و حکوومەت زیاتر ببێت بۆ ئەوەی پرسی نەوت لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت، لە سەرووی هەموشیانەوە یاسای نەوت و گاز. گولیزار ڕەشید، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانی سرووشتیی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماڵپەڕی پارتی گوتی: لیژنەی سامانی سرووشتیی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە و یەکێک لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە پێکهێنانی هەماهەنگیی زیاتر بوو لە نێوان پەرلەمان و حکوومەتدا بۆ پرسی نەوت و گاز لە کوردستان و لەگەڵ بەغداش. جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانی سرووشتی گوتیشی: دەمانەوێ هەوڵێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت ڕێک بکەون، بۆیە چاوەڕوانین پاش پێکهێنانی حکوومەت هەردوولا بێینە سەرخەت تا لەگەڵ بەغداش گفتوگۆ بکرێت. گولیزار ڕەشید ڕایشیگەیاند: داوا دەکەین بەغدا پەلە بکات لە تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گاز. هەر لەمبارەیەوە د. عەرەفات کەرەم، سەرۆکی پێشکەشی پەرلەمانی پێشووی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: لە خولی ئێمەدا هەوڵێک هەبوو بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە ببێتە یاسا و دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام بە کورتی هەموو پرسەکە ئەوەیە کە دەبێ ئەم پرۆژەیە لە دەرەوەی پەرلەمان ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، واتە ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە و پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسییە. د. عەرەفات کەرەم گوتیشی: لەبارەی ئەوەی لە خولی ڕابردوودا کراوە نازانین بۆ ئەم خولە بەرنامە و پلان چییە.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە شاندێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد



بە مەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و هاوکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ڕۆژی 2019/4/16 د. قاڵا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی کرد لە مەسعود کەریمپوور، سەرۆکی بەشی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نەتەوەیەکگرتووەکان و شاندی یاوەری.

لە دیدارێکدا سەرۆکی شاندەکە ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستانی لە دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتمەندن بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەرزنرخاند و ئامادەیی خۆیانی بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک لەو پێناوەدا بۆ پەرلەمانی کوردستان نیشان دا.

لە بەرامبەردا د.قاڵا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر یەکێکە لەو یاسایانەی کە لە ساڵی 2006 دەرچووە و پەرلەمانی کوردستان شانازیی پێوە دەکات، بەوەی کە یاساکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی کردەی تیرۆریستی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی تاوانەکانی تیرۆر بەردەوام لە نوێبوونەوەدان، پێویستە یاساکە بەشێوەیەک هەموار بکرێتەوە کە هاوشانی ئەو گۆڕانکارییانە بێ کە لەو بواردا لە ئاراداون.

هەر لە دیدارەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو کە لە ئێستادا لەناوچە کێشەلەسەرەکانی کوردستان جارێکیتر تیرۆریستان خەریکە تەراتێن دەکەن، بۆ ڕێگریکردن لەمەش پێویستە ماددەی 140ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و هەلومەرجی ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێتەوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بگەڕێنەوە ئەو ناوچانە و ئارامی و سەقامگیریان بۆ بگەڕێتەوە.

لە بەرامبەردا سەرۆکی بەشی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نەتەوەیەکگرتووەکان و شاندی یاوەری، سوپاسی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بۆ ئەو پێشوازییەو ڕایانگەیاند: خۆشحاڵین کە لەگەڵ سەرۆک پەرلەمانێکی یاساناس گفتوگۆ دەکەین و ڕایانگەیاند: بە خۆشحاڵییەوە هاوکار و هەماهەنگیی پەرلەمانی کوردستان و لیژنە تایبەتمەندەکان دەبین لە ڕووی ڕاوێژ و سیمینار و وۆرکشۆپی تایبەت بەم بوارە. هەروەها بە بایەخەوە باسیان لە مەترسییەکانی تیرۆر و بلاوبوونەوەی بیری توندڕەوی و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی و خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەک کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و لەناوبردنی بیری توندڕەوی.

سەرۆکی حکوومەتی نەمسا پێشوازی لە جێگری سەرۆکی لاوانی جیهان کرد

لە دیدارەکەدا ڕەوشی سیاسیی کوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا تاوتوێکرا



فەلاح حەسەن، جێگری سەرۆکی لاوانی سیاسیی جیهان و یەکێتیی لاوانی ئەورووپا، کە لاوێکی کورده، بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتیی لاوانی سیاسیی ئەورووپا، سەردانی ڤیەننای پایتەختی نەمسای کرد و لە لایەن سەرۆکی حکوومەتی ئەو وڵاتە سیباستیان کورز پێشوازی لێکرا.

فەلاح حەسەن، سەبارەت بە ئەجێندای ئەو سەردانە بۆ خەبات گوتی: دیدارەکەمان زۆر برایانە و دۆستانە بوو بە حوکمی پەیوەندیی پێشوومان لەگەڵ یەکتر، کاتێک کە سیباستیان سەرۆکی لاوانی نەمسا بوو، ئێمە ئەوکات یەکترمان ناسیووە، هەروەها جێگری سەرۆکی لاوانی سیاسی جیهان و ئەورووپا دەشڵێت: باسی ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستانمان کرد بە تایبەتی دوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، ئەو هەمیشە هەروەکو پێشوو پشتیوانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان و لاوانی کوردستان دەربڕی.

شایەنی باسە لەسەر داوای سیباستیان سەرکردایەتیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتی نەمسا کران و سەردانی ئەو وڵاتەیان کرد کە ئەمەش بە یەکەمین سەردانی فەرمی و میژوویی لاوانی سیاسی کورد هەژمارکرا لەسەر ئاستێکی ئاوا بەرز بێت.

ئیمانوێل ماکرۆن: نۆتردام بە شێوەیەکی جوانتر دروست دەکەینەوە

ئاگرەکەی نۆتردام نیشانیدا کە میژووەکەمان هیچ کات کۆتایی نایەت



سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ڕایگەیاند، کلێسای میژوویی نۆتردام کە لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوەدا زیانی زۆری پێگەیشتووە، بە شێوەیەکی جوانتر دروست دەکەنەوە و دەیەوێت لە میانی پێنج ساڵدا تەواوبکرێت. ئیمانوێل ماکرۆن لە کۆشکی ئەلیزێ گوتاری "بانگەواز بۆ نەتەوە"ی پێشکەشکرد.

سەرکۆماری فەرەنسا ئاماژەی بەوەدا کە ئاگرکەوتنەوە لە کلێسای نۆتردام فەرەنسییەکان و تەواوی جیهانی هەژاندووە و ڕایگەیاند، تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە توانیویانە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن و گوتی: ئاگرەکەی نۆتردام نیشانیدا کە میژووەکەمان هیچ کات کۆتایی نایەت. هەمیشە تاقیکردنەوەگەلێک دەبێت کە پێویستە بەسەریدا سەربکەوین. نۆتردام بە شێوەیەکی جوانتر دروست دەکەینەوە. دەمەوێت لە میانی پێنج ساڵدا تەواوبکرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە نیردراوی سەرۆکایەتی فەرەهەنگ و کەلەپووری فەرەنسا ستیڤان بێرن بە فرانسپریسی ڕاگەیاندووە " 880 ملیۆن یۆرۆ کە دەکاتە 995 ملیۆن دۆلار تا ئێستاکە کۆکراوەتەوە لەلایەن کۆمەککارانی وەک کۆمپانیای ئەپڵ و ماگناتیس کە خاوەنی لۆریاڵ و شانێڵ و دیۆرن و هەروەها کاسۆلیکەکانی فەرەنساوە تەواوی جیهانیش.

ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا سوپاسی هەرێمی کوردستان دەکات

دوای پەیامی سەرۆک بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا پەیامێکی سوپاسگوزاری بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت. ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا دوێنێ چوارشەمە کۆبوونەوەو تاوتوێی دوایین ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی لە ڕووداوی ژێرئاکەوتنی بەلەمەکەی مووسڵی کرد. ئەنجومەنەکە بە پشتبەستن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، شەش کەسایەتی و دەزگای نەینەوای بە بەرپرسی ڕووداوەکە دانا، کە بریتین لە:

- نەوفەل ئەلعاکوب، پارێزگاری لەسەر کار لادراو.
- زوهێر موحسین محەمەد، قایمقامی قەزای ناوەندیی مووسڵ
- بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای جەزیرەی گەشتیاری
- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی نەینەوا
- ئەنجومەنی قەزای مووسڵ
- دەستەی وەبەرهێنانی نەینەوا

ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بڕیاری داوە پەیامێکی سوپاس و پێزانین بەناوی پارێزگای نەینەوا ئامادە بکرێت بۆ نارەدنی بۆ هەرێمی کوردستان. شایەنی باسە ڕۆژی هەینی 2019/3/21 بەهۆی وەرگەڕانی بەلەمێک لە ڕووباری دیجلە لە مووسڵ، نزیکەی 100 کەس گیانیان لەدەست دا و نزیکەی 70 کەسی دیکەش بێ سەروشوێن بوون. دوای ڕووداوەکەش سەرۆک بارزانی پەیامێکی هاوخەمی بۆ خەڵکی مووسڵ بڵاو کردەوە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش جگە لە نارەدنی ئەمبوڵانس و هاوکاریی مرۆیی، سێ ڕۆژ ماتەمی گشتی لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. هەروەها دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی مرۆیی بۆ خەڵکی لێقەوماو نارد و تیمێکی ژێردەریایی (غەواس)یشی بۆ دۆزینەوەی تەرمی قوربانییەکان، نارد مووسڵ. هاوواڵتیانی مووسڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گرنگیی و ڕێزەوە باسی پەیامەکەی سەرۆک بارزانییان دەکرد و ستایشی میهرەبانیی و سۆزی سەرۆک بارزانی یان بۆ خەڵکی لێقەوماو، کرد.

هوشیار سیوەیلی: لە ماوەیەکی نزیکدا دانوستانی کۆتایی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دەستپێدەکاتەوە



پێش نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە پلامێن هریستۆف باڵوێزی بولگاریا لە عێراق سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هوشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێشوازی کرا. بەڕێز سیوەیلی بەخێرهاتنی بەڕێزیانی کرد و لە ڕێگای باڵوێزەوە سوپاسی گەل و حکوومەتی بولگاریای کرد کە لە شەڕی تیرۆردا پاڵپشتی هەرێمی کوردستان و عێراقیان کردووە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرد و لە بارەی جیاوازەکاندا کرا. هەر لە میانەی ئەو دانیشتنەدا دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە تاوتوێکرا، سیوەیلی لە ڕوانگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕایگەیاند کە ئێمە وەکو گەلی کوردستان پێمان باشە ناکۆکییەکان بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێن. دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد سیوەیلی ئەوەی خستەڕوو بە هاتنی کابینەی نوێی حکوومەتی فیدراڵ کە خاوەنی ڕوئیای جیاوازن لە مامەڵەکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی سەردانی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا بە شکاندنی بەستەڵەک و خستنەڕووی ئیرادەی بەهێزی گەل و حکوومەتی هەرێم بوو بۆ ئەوەی بە دیالۆگ کۆتایی بە ناکۆکییەکان بهێندرێت و پاڵپشتی کردن لە حکوومەتی نوێی فیدراڵ تاکو بتوانێت بەسەر بەربەست و ئاستەنگەگاندا زاڵ بێت. هەر لەو دیدارەدا پێکهێنانی حکوومەتی نوێ هەرێم باسی لێکرا و هوشیار سیوەیلی ئەوەی خستەڕوو کە لایەنەکان زۆر لێک نزیکن و لە ماوەیەکی نزیکدا دانوستانی کۆتایی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ دەستپێدەکاتەوە و لەماوەیەکی نزیکدا کابینەی نوێ بۆ خزمەتی کوردستان پێکدەهێندرێت.

بەڕێز پلامێن هریستۆف سوپاس ئەو دەرفەتی کرد و هیوای بەردەوامبوونی سەرکەوتن و بەردەوامی پێشەوەچوونی لە هەموو بوارەکان بۆ حکوومەتی هەرێم خواست. بەڕێز هریستۆف باسی لەو بوارانەش کرد کە حکوومەتی وڵاتەکەی دەتوانێت هاوکاری هەرێم و گەلی کوردستان بکات، بەڕێزیان دووپاتی بەردەوامیی پاڵپشتی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان کردەوە. لە کۆتاییشدا هەردوولا باسیان لە فراوانکردنی پەیوەندیەکانی هەردوولا کرد، سیوەیلی ئامادەیی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کردەوە بۆ هاوکاری و ئاسانکاری لە فراوانکردن و گەشەکردنی پەیوەندییەکان لە بواری جیاوازەکاندا.

د. بەشیر حەداد بەشداری لە گردبوونەوەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەکات



ئەو جوتیارانەی هەرێمی کوردستان کە سەردانی بەغدایان کردبوو بۆ داواکردنی شایستە داراییەکانیان دوێنێ چوار شەممە 2019/4/17 لەبەردەم پەرلەمانی عێراق گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. وێڕای بەرز نرخاندنی گردبوونەوەکەیان، د. بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سوپاسی جوتیارەکانی کرد کە بەشێوەیەکی دیموکراسی و مەدەنیانە گردبوونەوەکەیان ئەنجامداوە بۆ داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان کە خەرجکردنی شایستە داراییەکانیانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. دواتریش د. بەشیر حەداد بەیاوەری ژمارەیەک پەرلەمانتار بەشداری گردبوونەوەی جوتیارەکانی کرد و لەگەڵیان وەستا و دەنگی خۆی خستە پاڵدەنگیان کە داواکارییەکانیان ڕەوایە و چەندن سالە چاوەڕوانن. لەوتەیەکیشدا د. بەشیر حەداد بەڵێنی ئەوەی پێدان لەسەر هێڵ دەبێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی لەزووترین کاتدا شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان حەرج بکەن.

یەکێتیی ئەوروپا پارە بۆ وزەی نوێبوونەوە لە عێراق تەرخان دەکات

وەزیری پلاندانانی هەرێم: هەرێمی کوردستانیش سوودمەندی ئەو پڕۆژەیە دەبێت



یەکێتیی ئەوروپا 47.5 ملیۆن یورۆ بۆ پەرەپێدانی وزەی نوێبوویەوە لە نۆ پارێزگای عێراق تەرخان دەکات و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەو نۆ پارێزگایە ڕێککەوتنەکەی کرا و وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، عەلی سندی لەمبارەیەوە ڕوونیکردەوە پڕۆژەکە دوو لایەنی گرنگی هەیە، نامەرکەزییەتی تیادا هەیە و پەیوەستە بە پرسی ژینگەوە.

لە پڕۆژەی پەرەپێدانی وزەی نوێبوویەوە پارێزگاکانی ئەنبار، بەسرە، دهۆک، هەولێر، میسان، نەینەوا، سەلاحەددین، زی قار، سلێمانی سوودمەند دەبن.

دوێنێ چوارشەمە لە هەولێر لێژنەی ئاراستەکاری بەرنامەی پشتیوانیکردن لە چاکبوونەوە و سەقامگیریی لە عێراقدا لە لایەن یەکێتیی ئەوروپاوە و UN-Habitat و UNDP و چەند بەرپرسێکی دیکەش.

بەرنامەی پشتیوانیکردن لە چاکبوونەوە و سەقامگیریی لە عێراقدا لە لایەن یەکێتیی ئەوروپاوە بوودجەکەی بۆ تەرخان دەکرێت کە بڕی 47.5 ملیۆن یورۆیە و لە ماوەی چوار ساڵدا لە نۆ پارێزگای عێراق و لەلایەن بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان و UN-Habitatەوە جێبەجێ دەکرێت، پارێزگاکانیش بریتین لە ئەنبار، بەسرە، دهۆک، هەولێر، میسان، نەینەوا، سەلاحەددین، زی قار، سلێمانی. پڕۆژەکانی پلانەکە بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەوانیی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی دەبن لە پشتیوانیکردن لە نامەرکەزییەتی دەسەلاتەکان، پەرەپێدانی توانستە دامەزراوەییەکان و باشترکردنی سیستەمی دەکرێت، پارێزگاکانیش بریتین لە ئەنبار، بەسرە، دهۆک، هەولێر، میسان، نەینەوا، سەلاحەددین، زی قار، سلێمانی. لە ڕێوەرسمەکەش بوون لە پاڵ نوێنەرانی یەکێتیی ئەوروپا و UN-Habitat و UNDP و چەند بەرپرسێکی دیکەش.

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەلی سندی لەوبارەیەوە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: پڕۆژەکە بە بڕی 47.5 ملیۆن یورۆیە و لەلایەن یەکێتیی دروستکردنی داهات و هاوبەشێتیی لەگەڵ دەسەلاتدارە ناوخۆییەکان و چەند کەرت و بواری دیکەش.

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەلی سندی لەوبارەیەوە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: پڕۆژەکە بە بڕی 47.5 ملیۆن یورۆیە و لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە پارەدار دەکرێت، ئەوەی گرنگە ئەو پڕۆژەیە لە نۆ پارێزگای عێراق جێبەجێدەکرێت و سێ لە ناوەڕاستی عێراق و سێ لە هەرێمی کوردستان و سێ لە باشووری عێراق دەبێت، ئەو پڕۆژانەی لە هەرێمی کوردستان لەم بەرنامەیە دەست نیشان دەکرێن هەمووییان پڕۆژەی وزەی نوێبوویەوەیە، هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە دەست بەم پڕۆژە بکات و ئەمە پڕۆژەیەکی باشە و جەنابی سەرۆکوەزیرانیش ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە دەست بە وزەی نوێبوویەوە بکەین و سوودی لێ وەربگرین.

هەروەها گوتیشی: هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 بوون بە بەشێک لە میساقی جیهانی لە گەورەترین بزووتنەوەی جیهانی لەم بوارە کاربکات، ئێستا پابەندبوونێکمان بەو میساقەوە هەیە بۆ خاوێنڕاگرتنی ژینگە و بەکارهێنانی وزەی نوێبوویەوە. سەبارەت بە پڕۆژەکە ئەوەشی گوت: دوو لایەنی گرنگ لەم پڕۆژەیەدا هەیە، یەکەمیان ئەوەیە نامەرکەزییەتی تیادا هەیە و لەلایەن پارێزگاکان خۆیانەوە جێبەجێ دەکرێت و لایەنی دووەمیشیان ئەوەیە پەیوەستە بە پرسی ژینگەوە.

سەرۆکایەتیی پەرلەمان جەژنی "چارشەمبا سۆر" لە کوردانی ئێزدی پیرۆز دەکات

بەبۆنەی هاتنی جەژنی سەری ساڵی ئایینیی ئێزدی ناسراو بە "چارشەمبا سۆر"، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم ئێزدییەکانی کوردستان و جیهان دەکات.

بەبۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی کوردانی ئێزدی و چارشەمبا سۆر، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی خۆشک و برایانی کوردی ئێزدی دەکەین، هیوادارین ئەم جەژنە بەکامەرانی بگەڕێتەوە ببێتەمایەی گەڕانەوەی خۆشی و خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودە بۆ سەرجەم کوردانی ئێزدی لەجیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی و گیانی تەبایی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی کوردستان قوولتر ببێتەوە.

بەو بۆنەیەشەوە داوا لە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین ئەرکە یاساییەکانی لەبەرامبەر قوربانیانی کوردی ئێزدیی دەستی تیرۆریستانی داعش جێبەجێ بکات.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
2019/4/16

***

جڤاتا وەزیران یا هەرێما کوردستانێ سەرسالا ئۆلا ئێزدیان (چوارشەمبوا سۆر) پیرۆز دکەت

جەژنا سەرسالا ئۆلا ئێزدیان (چوارشەمبوا سۆر) ل هەمی خوشک و برایێت ئێزدی ل کوردستانێ و دەرڤەی وەلاتی پیرۆز دکەین، بتایبەتی ژی ل وان خوشک و برا و مالباتێت ئێزدییا ییّت کو د شەڕێ داعشێدا کەسوکار و خۆشتڤی ییّت خۆ ژ دەست داین. هیڤیدارین جەژنەکا خۆش و ئارام دەرباس بکەن.

ئیسال جەژنا چوارشەمبوا سۆر د دەمەکیدا ڤەدگەڕیت کو ب ئێکجاری داوی ل تیرۆرستێت داعشێ هاتیە و هەمی جهە و دەڤەر ژ وان هاتینە پاقژکرن. هیڤیدارن کو ڕەڤاندی و وندابێت مە ییّت ئێزدی و چارەنڤیسێ وان دیار ببیت و ئاشتی و ئارامی و ئاڤەدانی ڤەگەڕێتە هەمی دەڤەریت ئێزدیا و تاونکارێت کو ئەڤ هەمی تاوانە ل هەمبەری خوشک و برایێت ئیزدی ئەنجام دای، بگەهنە سزایێ خۆ ییّ دادپەروەرانە.

دوبارە جەژنا چوارشەمبوا سۆر ل هەمیا پیرۆز بیت، ب هیڤی یا کو جەژن و هەلکەفتنێت بێن، د ڕەوش و کاودانێت باشتردا ڤەگەڕن.

جڤاتا وەزیران یا هەرێما کوردستانێ
2019/4/16

***

مەکتەبی سیاسی جەژنی سەری ساڵی ئایینی ئێزدی پیرۆز دەکات

بەبۆنەی ڕۆژی (چوارشەمبا سۆر) جەژنی سەری ساڵی ئایینی ئێزدی، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی خوشک و برایانی ئێزدی لە کوردستان و جیهان کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی جەژنی (چوارشەمبا سۆر) سەری ساڵی نوێی خوشک و برایانی ئێزدی، گەرمترین پیرۆزبایی لە کەسایەتی و ئەنجوومەنی ڕووحانی کوردانی ئێزیدی و سەرجەم ئێزدیان لە کوردستان و جیهان دەکەین، هیوادارین ئەو جەژنە و گشت جەژن و بۆنەکانتان لە سایەی ئازادی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بەخێر و خۆشی بۆ هەموو لایەک بگەڕێتەوە و مایەی دڵنەوایی و ئارامیی و، موژدەی کۆتایی هێنانی ناخۆشی و نەهامەتی و دەردەسەریەکانی پێبێت.

هەر لەو دەرفەتە و بەو بۆنەیەوە پاڵپشتی تەواو و بەردەوامی پارتیمان و سەرۆک مەسعود بارزانی دووپات دەکەینەوە بۆ پاراستنی مافەکانتان و کولتووری ڕەسەنی ئێزدیاتی و گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیریی بۆ تەواوی ناوچەکانتان و کارکردن بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان و تەبایی لای گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی.

جارێکی دیکە جەژنتان پیرۆزبێت و ئومێدی بەختەوەریی و خۆشگوزەرانیتان بۆ دەخوازین.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/16

***

د. بەشیر حەداد بەبۆنەی جەژنی چوارشەممەی سورەوە پەیامێک ئاڕاستەی کوردانی ئێزیدی دەکات

بەڵێن دەدەین بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی ڕفێندراوانی ئێزیدی بکەین

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لەپەیامێکدا پیرۆزبایی جەژنی چوارشەممەی سوری لە ئێزیدییەکان دەکات و دەڵێت: بەم بۆنەیەوە بەڵێن دەدەین وەک سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق، کە هەرچی زووترە کار بکەین بۆ بەدواداچوونی ڕفێنراوەکانیان و میکانیزمێک بدۆزینەوە بۆ گەڕانەوەیان، چونکە کوردانی ئێزیدی لە مێژوودا چەندینجار ڕووبەڕووی نادادپەروەری و ستەم بوونەتەوە. هیوادارین ئەم بۆنەیە ببێتە هەوێنی ئاشتی و تەبایی لە عێراقدا و ناخۆشییەکان لەگەڵ خۆیدا بەرێت.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەستەی خێرخوازیی ئیسلامی جیهانی چەند پرۆژەیەکی مرۆیی جێبەجێ دەکەن



ڕێککەوتی 2019/4/15 شاندێکی دەستەی خێرخوازی ئیسلامی جیهانی بە سەرۆکایەتی دکتۆر عەبدولا ئەلمەعتوق سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی و دکتۆر عومەر ئەلکیندەری قونسوڵی کوەیت لە هەولێر سەردانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی یان کرد و لەلایەن سەرۆکی دەزگا ئەحمەد موسا پێشوازییان لێکرا. لە دیدارێکدا تاوتوێی بارودۆخی مرۆیی کرا تایبەت بە برایانی ئاوارە و پەنابەر لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان و هەندێک لە پرۆژە مرۆییەکان کە بەنیازن دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی بە پاڵپشتی دەستەی خێرخوازی ئیسلامی جیهانی.

لەدیدارەکەدا، سەرۆکی شاندی دەستەی خێرخوازی ئیسلامی جیهانی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی بەو کارانەی کە دەزگا ئەنجامی داوە و ئەو کارانەی کە دەزگا ئەنجامی دەدات لە کاری مرۆیی و پرۆژە خێرخوازییەکان بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی پێویستیانە. هەروەها ئاماژەباشی دەستەکەی ڕاگەیاند بۆ دابینکردنی هەندێک لە پێداویستی پێویست و خێرا لەو کاتەی کە دەستەکە دەست دەکات بە تاوتوێکردنی پرۆژەکانی تر لە داهاتوودا.

پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی مووچەی پاشەکەوتکراوی فەرمانبەران و بڕی ئەو قەرزەی لای حکوومەتە لە ڕێگای هەژماری بانکییەوە بدرێت بە مووچەخۆران، هاوکات حکوومەت لە ڕێگەی ئەو هەژمارە تایبەتەوە پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە لە مووچەخۆران وەربگرێتەوە.

عەلی ڕەشید گوتیشی: وەزارەتی دارایی بێگوێدانە یاداشت و نووسراوەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو پەرلەمان، هەڵساون بە وەرگرتنەوەی پێشینەکان لە فەرمانبەران و مووچەخۆران، لە کاتێکدا هیچ قەرزێک بۆ فەرمانبەران نەگەڕاوەتەوە، ئێمە جەخت لەسەر پێشنیاز و بڕیارەکان دەکەینەوە و هاوکار و هاوەنگی مووچەخۆران دەبین لە بەدەستهێنانی مافەکانیان.

دەشڵێ: بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان سێ جار داوامان لە حکوومەت و کۆمسیۆن کردووە وادەی ئەنجومەن کۆتایی هاتووە و پێویستە هەڵبژادرن ئەنجام بدرێت، بەڵام کۆمسیۆن ئامادە نییە و حکومەت بوودجەی بۆ ئەم هەڵبژاردنە تەرخان نەکردووە، وەڵێ وا پێدەچێت لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە مانگی دوانزەدا هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمیش ئەنجام بدرێت. ناوبراو ڕوونیشی دەکاتەوە: بە بڕیاری وەزیری شارەوانی، زەوی و خانووی دابەش دوو ڕاگیراوە، بە هۆی ئەوەی لە ڕابردوودا بەشێک لە نووسینگەکانی خانووبەرە بۆ بازرگانیکردن بەم پرسە خانوو و زەویەکانیان بەکار دەهێنا و هاوواڵتیان لێی سوودمەند نەدەبوون، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی شارەوانی لە ڕابردوودا لە هەر شوێن و بڵۆکێک دابەش دوو کرابێت، بەپێی پێویستیی هاوواڵتیان کارەکە کراوە، ئێستاش ئەم پرسە لە وەزارەتی شارەوانییە و خوێندنەوە و وردەکاری و ڕێنمایی زیاتری بۆ دەردەکرێت.



نیافە مەتران هەنگاوەکانی سەرۆک بارزانی و حکوومەتی کوردستان و پارتی لە هێنانەکایەی ڕەوشی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا بەرزدەنرخێنێ

دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەگەی مەکتەب پێشوازی کرد لە نیافە مەتران مارنیقودیموس داود متی شەرف سەرۆکی تائیفەی سریان ئەرسۆدۆکس لە هەرێمی کوردستان و کەرکوک و موسل و خالید ئالبێر بەرێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ئاوقاف بۆ کاروباری کریستیانەکان، ئانۆ جەوهەر بەرپرسی ناوچەی عەنکاوەی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەمیانی دیدارێکی نێوان بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و سەرۆکی تائیفەی سریان ئەرسۆدۆکس لە هەرێمی کوردستان قوڵبوونەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی لە مێژینەی پێکهاتەکان و لێبوردەیی و ئاشتی و تەبایی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە تیشکی خرایەسەر، هاوکات جەخت لە خۆشگوزەرانی و باشترکردنی ژیانی گشت کریستیانەکان و تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کراو هەماهەنگییەکان بۆ گرنگیدان بە هەموو ئەو خەڵکانە کرا، کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، لەم بارەیەوە عەلی حسێن تەئکیدی کردەوە، هەرێمی کوردستان لەماوەی چوار ساڵی شەڕی داعش و پێشتریش دەرگای هەرێمی کوردستان هەمیشە کراوەبووە بە ڕووی پێکهاتەکان و تایبەت کریستیانەکان، کە لە شوێنەکانی خۆیان لە مەترسیدابوون و حکومەتی هەرێمیش بۆ خزمەتکردیان و پاراستنیان ڕێوشوێنی پێویستی تا ئەمڕۆش گرتۆتەبەر و خزمەتی پێشکەش کردوون، لەلایەن خۆیەوە نیافە مەتران ستایشی هەڵوێست و هەنگاوەکانی حکیمانەی سەرۆک مەسعود بارزانی و حکوومەتی کوردستان و لەنێو تێکڕای میللەتانی دونیادا بەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە دەناسرێتەوە سەرەڕای ئەو هەموو زەبرو زەنگەی لەرابردوودا داگیرکەرانی کوردستان بۆ سڕینەوەی نەتەوەیان لەدژی گەلەکەمان بەکاریان هێناوە، بەڵام ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان بەخەبات و قوربانیدان توانیویانە ناسنامەی نەتەوەییمان بپارێزن. هەروەها ڕایگەیاند: ئەنجامدانی ئەو جۆرە فیستڤاڵانە هەم زیندوو ڕاگرتنی بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلەکەمانەو هەمیش ناساندنیانە بەنەوەی ئێستامان تاکو بزانن باب و باپیرانمان چۆن و ژیاون و نرخی ئەو ئازادیەش بزانن کە ئەمڕۆ بە هەوڵ و خەبات و قوربانیدانی ئەوان هاتۆتە وجود. دواتر کۆمەڵێک چالاکی سەرنج ڕاکێشی وەک ئەسپسواری و نمایشی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و خواردنی کوردەواری و نمایشی کەل و پەلی کۆنی کشتوکاڵ و وەرزشی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

عەلی ڕەشید: سەبارەت بە مووچەی پاشەکەوتکراوی فەرمانبەران یاداشتمان ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی کردووە



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێ، یاداشتێکیان ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی کردووە، بۆ ئەوەی مووچەی پاشەکەوتکراوی فەرمانبەران و کشتوکاڵ، هەرێمەکە لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک و پارێزگای هەڵەبجە یاداشتێکیان داوەتە وەزارەتی دارایی و لیژنەی چاکسازیی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی مووچەی پاشەکەوتکراوی فەرمانبەران و بڕی ئەو قەرزەی لای حکوومەتە لە ڕێگای هەژماری بانکییەوە بدرێت بە مووچەخۆران، هاوکات حکوومەت لە ڕێگەی ئەو هەژمارە تایبەتەوە پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە لە مووچەخۆران وەربگرێتەوە.

عەلی ڕەشید گوتیشی: وەزارەتی دارایی بێگوێدانە یاداشت و نووسراوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاو پەرلەمان، هەڵساون بە وەرگرتنەوەی پێشینەکان لە فەرمانبەران و مووچەخۆران، لە کاتێکدا هیچ قەرزێک بۆ فەرمانبەران نەگەڕاوەتەوە، ئێمە جەخت لەسەر پێشنیاز و بڕیارەکان دەکەینەوە و هاوکار و هاوەنگی مووچەخۆران دەبین لە بەدەستهێنانی مافەکانیان.

دەشڵێ: بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان سێ جار داوامان لە حکوومەت و کۆمسیۆن کردووە وادەی ئەنجوومەن کۆتایی هاتووە و پێویستە هەڵبژادرن ئەنجام بدرێت، بەڵام کۆمسیۆن ئامادە نییە و حکومەت بوودجەی بۆ ئەم هەڵبژاردنە تەرخان نەکردووە، وەڵێ وا پێدەچێت لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە مانگی دوانزەدا هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمیش ئەنجام بدرێت. ناوبراو ڕوونیشی دەکاتەوە: بە بڕیاری وەزیری شارەوانی، زەوی و خانووی دابەش دوو ڕاگیراوە، بە هۆی ئەوەی لە ڕابردوودا بەشێک لە نووسینگەکانی خانووبەرە بۆ بازرگانیکردن بەم پرسە خانوو و زەویەکانیان بەکار دەهێنا و هاوواڵتیان لێی سوودمەند نەدەبوون، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی شارەوانی لە ڕابردوودا لە هەر شوێن و بڵۆکێک دابەش دوو کرابێت، بەپێی پێویستیی هاوواڵتیان کارەکە کراوە، ئێستاش ئەم پرسە لە وەزارەتی شارەوانییە و خوێندنەوە و وردەکاری و ڕێنمایی زیاتری بۆ دەردەکرێت.

بەرپرسی لقی 16:
ئەنجامدانی فیستڤاڵی کلتووری زیندووڕاگرتنی بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکانمانە



ئەو جۆرە ڤیستڤاڵانەدا، کە پڕ لە ئاوەڕدانەوە لەرابردووی میللەتەکەمان چونکە میللەتی کورد یەکێکە لەمیللەتە هەرە زیندووەکان و خاوەن کلتوورو ڕەسەنایەتی تایبەت بەخۆیەتی بەمەبەستی زیندوو ڕاگرتنی کلتورو کەلەپور نەتەوەیمان و ئاشناکردنی نەوەی نوێ بەداب و نەریتی باب و باپیرانمان، بە ئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و ئیداری سنوورەکە لێژنە ناوچەی بنەسڵاوە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هاونیشتمانیان، یەکەمین فیستڤاڵێکی کلتوری لەسنووری قەزای دەشتی هەولێر سازکرا. لەدەسپێکی ڤیستڤاڵەکەدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای دەستخۆشی گەرمی لەرێکخەرانی ڤیستڤاڵە، ئاماژەی بەگرنگی بەرپرسیارێتی میللەتان کرد بۆ پاراستنی کلتوور و نەریتەکانیان و گرنگیدان بە ئەدەب و هونەر و وتی: ئەم جۆرە چالاکیانە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە پەرەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری هاوڵاتیان و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان گەلان و

بەچەند چالاکییەک یادی 32 ساڵەی کیمیابارانکردنی گوندی شێخ وەسان و بالیسان کرایەوە



ڕۆژی سێشەممە 16ی نیسانی 2019 هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفین، بەیاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەی بالیسان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و ئیداری شەقڵاوە و دەڤەرەکە و ئامادەبوونی نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان بەشداریان کرد لە مەراسیمی 32 ساڵەی یادکردنەوەی کیمیابارانکردنی شێخ وەسان و بالیسان.

مەراسیمەکە بەچەند چالاکیەکی جیاجیاو و دانانی تاجەگوڵینە لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدان بەڕێوەچوو، تاجەگوڵینەی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لەلایەن بەرپرسی لقی24ی سەفین و بەرپرسی مەڵبەندی شەشی سۆران لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدان دانرا. دواتر سەردانی کلگۆی شەهیدان کراو دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە، پێشانگایەک کە تایبەت بوو بە نمایشکردنی وێنەی قوربانیان بەسەرکرایەوە.

جێی ئاماژە پێدانە 32 ساڵ بەرئێستا 1987/4/16 ڕژێمی بەعس بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی گوندی شێخ وەسانان و شارۆچکەی بالیسانی کیمیابارانکرد، کە لەئەنجامدا 261 هاونیشتیمانی شەهید بوون و 35ی دیکەش بریندارببوون و تا ئێستاشی لەگەڵبێ بریندارانی ئەم هێرشە بە ئازاری برینەکانیان دەنالێنن.

بەرپرسی لقی دوو: نوێنەرایەتیی حکوومەتی کوردستان لە گەیاندنی پرسی گەلی کوردستان بە دونیای دەرەوە ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە



بەرپرسی لقی دوو: نوێنەرایەتیی حکوومەتی کوردستان لە گەیاندنی پرسی گەلی کوردستان بە دونیای دەرەوە ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە

ڕۆژی سێشەممە 16ی نیسانی 2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی محەمەد خەلیل و ئاری نانەکەلی کارگێڕانی لق، پێشوازی لە دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا کرد.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو باسی گرنگی هەوڵە دیبلۆماسیەکان کرد بۆ گەیاندنی پرسی گەلی کوردستان بە دونیای دەرەوە، پێشی وابوو نوێنەرایەتی حکوومەتی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵێکی باشی لەو بارەوە بینیوە، بەتایبەتیش لە ڕۆژانی شەڕی دژ بە داعش کە توانیان پەیامی گەلی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی بە وڵاتانی ئەوروپا بگەیەنن و پشتیوانیەکی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ گەلی کوردستان دروست بکەن.

لە بەرامبەردا دلاوەر ئاژگەیی دووپاتی کردەوە هەوڵە دیبلۆماسیەکانیان چڕتر دەکەنەوە لە کاتێکدا کوردستان هەنگاوی زیاتر دەنێت بۆ بەرەو پێشەوەچوون.

لەڕۆژا ژینگەها کوردستانێ 42 سازی و کەسایەتی بێن خەمخورێن ژینگەهێ هاتنە خەلاتکرن



خەبات- دهوک:

ل ڕۆژا2019/4/16 ب هەلکەفتا ڕۆژا ژینگەها کوردستانێ ل فاملی مول ل قەزا سێمێلێ ب چاڤدێریا بەریڤەبەریا ژینگەها کوردستانێ ل دهوک و پارێزگەها دهوکێ و ئاماژەبونا چەندبەرپرسێن حزبی وئیداری چالاکیەکا تایبەت ب ڕۆژا ژینگەهێ ژلایێ فەرمانگەها ژینگەها دهوکێ ئەنجامدان. لبەراهییێ بەریز فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ وب ئامادەبونا چەندبەرپرسێن حزبی وئیداری چالاکیەکا تایبەت ب ڕۆژا ژینگەهێ ڕاگەهاندن. لبەراهییێ محەمەد تاهر ڕێقەبەرێ فەرمانگەها ژینگەها دهوکێ پەیڤەک پێشکێشکر ودیارکر کو ئەڤ ساڵە حەفت ڕۆژا چالاکی ب ڤێ هەلکەفتێ هاتینە ئەنجامدان وئەڤرو مە ئەڤ چالاکیە سازکریە بو وێ یەکێ هندەک خەمخورێن پاراستنا ژینگەهێ وسوپاسیا وان هەموو لایەن وسازیا وکەسان کر کو گرنگیێ ددەنە پاراستنا ژینگەهێ. پاش نوینەرێ سەروکێ دەستەیا پاراستنا ژینگەهێ پەیڤەک خاندن ورونکرن دانە سەر کار وچالاکییێن ل ڤان ڕۆژێن بوری هاتنیە کرن بو پاراستنا ژینگەهێ. پاش خەلات ل سەر 42 کەسان وسازییێن پەیوندیدار ب پاراستنا ژینگەهێ ڤە هاتنە بەلافکرن.

ل دوماهیێ پێشانگەهەکا تایبەت ب ژینگەهێ وکارێ قوتابییێن سێ قوتابخانێن پاریزگەهێ هاتنە نیشا دان وباشترین بەرهەم هاتنە خەلاتکرن. هەژی گوتنێ یە ئەو قوتابخانێن هاتینە خەلاتکرن ئەڤەبوون: هندرێن، گولستان، لەیلان.

لە کوردستان ڕۆژانە 7500 تەن زبڵ و خاشاک کۆدەکرێتەوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: هەموو ساڵێک بەپێنەی ڕۆژی ژینگە چەندین چالاکی لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئەمساڵیش بەم پێنەیە کاروچالاکی بەڕێوەچوو. لەمیانەی ڕۆژی ژینگەی کوردستاندا، نەوڕۆز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار لە وۆرکشۆپێک ڕونیکردەوە: هەموو ساڵێک لەڕۆژی 14ی نیسان ڕۆژی ژینگەی کوردستانەو پێویستە هەوڵی پاکڕاگرتنی ژینگە بدەین، ئێمەش وەکو وەزارەتی شارەوانی بەهاوکاریی چەندین کۆمپانیای کەرتی تایبەت دەکەین بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک و ڕۆژانە نزیکەی 7500 تەن زبڵ و خاشاک کۆ دەکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بڕی 12 ملیار دینار خەرج دەکرێ.

قەڵای هەولێر... لە پێشانگایەکی شێوەکاریدا تاوانی داعش دژ بە ئافرەتانی ئێزدی خرایە ڕوو



بەئاماەبوونی نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر و پەخشان زەنگەنە ئەمیندارای گشتی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و فلۆرین گۆرگیس سێودین بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە ئەنجوومەن و ژمارەیەک لە چالاکوانانی بواری ئافرەتان، لەلایەن نووسینگەی هەولێری بنکەی لالش و ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی، بەهەماهەنگی کۆمیسیۆنی بوژانەوەی قەڵای هەولێر، پێشانگایەکی شێوەکاریی هونەرمەند نەسرین حەمۆ بەناونیشانی وەرچەرخان کرایەوە. لەم پێشانگەیەدا خاتوو نەسرین حەمۆ کە خانمە هونەرمەندێکی شێوەکاری ڕۆژئاوای کوردستان و دانیشتووی ئەڵمانیایە، چەندین تابلۆی نمایشکرد، کە تیایدا ناڵەو ئازاری کچان و ژنانی ئێزیدی بەهۆی تاوانی تیرۆریستان بەرجەستەکرابوو. هاوکات خەلاتی ڕێزلێنان لەلایەن بنکەی لالش، پێشکەش بە خانم هونەرمەندی شێوەکار نەسرین حەمۆ کرا.

ڕێقەبەریا شینواریێن دهوکێ: پرا دەلال ل سەردەمێ ئیبراتوریەتا بیزەنتی دا هاتییە ئاڤاکرن

خەبات- زاخۆ: ڕێقەبەریا شینواریێن پاریزگەها دهوک ڕاگەهاند، کو میژوویا دورستا یا ئاڤاکرنا پرا دەلال ل زاخو ڤەدگەریتە سەردەمێ ئیمبراتوریەتا بیزەنتینی ئەڤ شینواره هاتیە سازکرن. ل زاخو ڕێ ورەسمەکی تایبەت ژلایێ ڕێقەبەریا شینواریێن پاریزگەها دهوکێ ڤە ژبو ڕاگەهاندنا ئەنجامێن ڤەکولینەکا زانستی ل سەر دیروکا ئاڤاکرنا پرا دەلال هاتە سازکرن. حەسەن قاسم ڕێقەبەری شینواریێن پاریزگەها دهوکێ دیارکر کو ژئەنجامێ وان ڤەکولینێن زانستی بێن مە و بەهاکاری دگەل زانکویا هایدلبورگ یائەلمانی هاتینە کرن، پرا دەلال دناڤبەرا سالێن 474. 491 زانینی دا هاتیە ئاڤاکرن، هەروسا چەندین نەخش وهیما ل سەر ڤێ پرێ هاتینە دیتن کو ڤەدگەرن بو هەمان دیروک هەروسا ناڤێ وی کەسی ئەڤ پرە ئاڤاکری ژی ل سەر ڤی شینواری هاتیە دیتن، ئەو ژی ئیمبراتوریێ بیزەنتینی بێ ڕوژهەلات کونافێ وی زینو یە کو حوکمرانی کریە دناڤبەرا سالێن 471ـ 491 زایینی، وئەڤە ئیمبراتوری بیزەنتی یی ئێکانە یە کو ژ نڤشێ ڤێ دەڤەرێ بویە. ودیار کر ئەڤ ئەنجام دێ ئێنە تومارکرن دپەرتوکەکا تایبەت دا داکو هەمی لایەن مفای ژی وەربگرن. ژهەژی ئاماژەپێکرنێ یە کو پرا دەلال یەک ژشینوارێن بەرچاڤێن هەرێما کوردستانێ یە،دریژاهیا وێ 114 مەترە وفرەهیا وێ 4.70 مەترە وبلنداهیا وێ پترە ژ 15 مەتران و هەروسا ڕوژانە گەشتیار ژ دەڤەرێن جودا پێن کوردستانێ وعیراقی قەستا ڤی جهی دکەن ژبو دیتنا ڤی شینواری، وگەلەک بوچونێن جودا ل سەر دیروکا ئاڤاکرنا ڤێ پرێ هەبون.

سلێمانی.. دانیشتووانی ناوچەی تانجەڕۆ لە پیسبوونی ژینگەی ناوچەکەیانەوە نیگەرانن



دانیشتووانی ناوچەی تانجەڕۆ لە شاری سلێمانی و ڕێکخراوەکانی بواری پاراستنی ژینگە نیگەرانن لە پیسبوونی ژینگەی ناوچەکە و داوای هەرچی زووتری کارکردنی لایەنە حکومییەکان دەکەن بۆ ڕێگری لە پیسبوونی زیاتری ژینگەی ناوچەکە. ناوچەی تانجەڕۆ دەکەوێتە بەشی باشووری شاری سلێمانی و نزیکەی دوو هەزار ماڵ لەم ناوچەیە نیشتەجێیە، ئەم ناوچەیە لەئێستادا بووەتە ناوچەیەکی پیشەسازی و چەندین کارگە و کۆمپانیای جیاجیای تیادایە، هەروەها ڕۆژانە خۆڵ و خاشاکی سلێمانی لەم ناوچەیەدا فرێدەدرێت، ئاو و ناوەڕۆی سلێمانی-یش لەم ناوچەیەوە دەڕوات و دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخانەوە. دانیشتووانی ناوچەکە دەڵێن، پاشماوەی کیمیایی و پاشەڕۆی کارگەکان و ئەو خۆڵ و خاشاکەی لە ناوچەکەدا دەڕژێرێت جگە لە تێکدانی ئاووهەوای ناوچەکە و پیسکردنی ژینگە، دەڕژێتە ئاوی چەمی تانجەڕۆ و ئاوی ناوچەکە و دەریاچەی دەربەندیخان تەنانەت ڕووباری دیجلەشی پیسکردووە. ئەوان ماوەی چەند ساڵێکە بەردەوام نیگەرانی خۆیان دەگەیەننە لایەنی بەرپرس و ڕێکخراوەکانی بواری ژینگەپاریزی و داوای چارەسەرێکی ئەو دۆخە دەکەن، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن تا ئێستا بەدەم داواکاریەکانیانەوە نەهاتوون، ئەوەش کاردانەوەی خراپی بۆسەر تەندروستی و ژیانی هاوواڵانییانی ناوچەکە دروستکردووە. دوێنێش بەشێک لە ڕێکخراوەکانی بواری پاراستنی ژینگە و دانیشتوانی ناوچەکە گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی ئەنجامدا و داوایان کرد حکوومەت بەپەلە کار بکات بۆ ڕێگریکردن لە کەوتنەوەی کارەساتێکی ژینگەیی و بلاوبوونەوەی نەخۆشی.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێزان لە خانەوادەی نەقیب کەریم حەمەدئەمین میرگەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی فەرماندەی زێرەڤانی و هونەرمەندی کاریکارتێریست نەقیب کەریم حەمەدئەمین میرگەیی- مان پێگەیشت.

هاوخەمیمان بۆ خانەوادە تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە هەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز کاک فەریدون ئیبراهیم غەفور ئەمین

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی ئیبراهیم غەفور ئەمین ناسراو بە برایمی حەمە و بەگی باوکتمان پێگەیشت. هاوخەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و کەسوکار و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی باوکتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەواده خوالێخۆشبوو محەمەد حەمید گۆمەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەرپەلی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول محەمەد حەمید گۆمەیی-مان پێگەیشت.

هاوخەمیمان بۆ خانەواده تێکۆشەر و بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو بەکر پشدەری شاعیر

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەکر پشدەری- ی شاعیرمان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو و هەموو نووسەرو شاعیران دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

سوپاس و پێزانین

بە ناوی خۆم و بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی سەرجەم خزمان و هاوڕێیان و خوشک و برایانمان و ئەو کەس و لایەنە دڵسۆزانە دەکەیەن، کە هەر لە سەردانی و هەواڵ پرسینی خێزانی ڕەحمەتی لەسەرەتای نەخۆشییەکەیەوە تا بەشداریکردنی لەڕێورەسمی بەخاکسپاردن و بەڕێوەبردنی پرسەی خێزانم، هەروەها زۆر سوپاسی ئەو خزم و هاوڕێیانەمان دەکەین لە ناوەو دەرەوەی وڵات چ بەتەلەفۆن یاخود بە نارەدنی نامە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەلایەتییەکانەوە هاوخەمی خۆیان بۆ دەربڕیوین لەسەرجەم چین و تویژەکان، هەروەها زۆر سوپاسی سەرجەم ئەو هاوڕێ ئازیزانەمان دەکەین کە ئەرکیان کێشا لە بەشداریکردنی ڕێورەسمی بەخاکسپاردن و پرسەکەماندا لە هەولێر و دەروبەریەوە هاتبوون و ڕێگەی دوورییان بڕیبوو خوای گەورە پاداشتی خێری هەموان بداتەوە کۆچکردووشمان بەبەهەشتی خۆی شادبکات... هەموومان مولکی خوداین و سەرئەنجامیش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە. خوای گەورە ڕەحم بەهەموو لایەکمان بکات.

ئەنوەر کەمال ئارمەوانی

لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو



خوێندنەوەیەکی کوردانە بۆ بەشداری سەرۆک بارزانی لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو



نووسینی : غەفوور مەخموورى*

سەرۆک مسعود بارزانی لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شای ئوردن و بۆ بەشداریکردن لە حەڤدەهەمین کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو، رۆژی 2019/4/5 سەردانی عەمانی پایتەختی ئوردنی کرد و رۆژی 4/6 بەشداری کۆڕبەندەکەی کردو رۆژی 4/7 شا عەبدوللای دووەم کوڕی حوسێن پادشای ئوردن بەگەرمی پێشوازی لە سەرۆک مسعود بارزانی و شاندی یاوەری کرد.

سەردانی سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ئوردن و پێشوازلێکردنەکەی، رەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوچەکەدا هەبوو، لەڕووی پرۆتۆکۆلییەوە وەک سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرا و، لە هەمووی گرنگتر بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان بێ ئاڵای عێراق لە تەک ئاڵای وڵاتێکی عەرەبیدا بەرزکرایەوە، بێگومان ئەوەش ئاماژەیەکی زۆر ونە بۆ ڕۆڵ و قورسایی سەرۆک بارزانی و پێگەی کوردستان لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، لەهەمان کاتدا ئاماژەیەکە کەوا سەرۆک بارزانی ڕێبەرایەتی گەلی کوردستان دەکات و، هەر بۆیەش وەک سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرا، سڵاوی سەربازیی لێ کرا، فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، ئەم شێوازی پێشوازیکردن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان حکومەتی عێراقی نیگەرانکرد و داوای ڕوونکردنەوەی لە ئوردن کرد، ئوردنیش بە شێوەیەکی دیپلۆماسییانە وەڵامی عێراقی دایەوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر پەیامەکە گەیشت، کە ڕێبەری گەلی کوردستان سەرۆک بارزانی- یە و کوردستان خاوەن پێگەی گرنگ و تایبەتی خۆیەتی لە ناوچەکەدا.

(کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو)، کە هاوشێوەی کۆڕبەندی داڤۆسی سویسرایە، بەستنی ئەم کۆڕبەندە بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەک لە سەرۆکی وڵاتان و 1000 هەزار کەسایەتی سیاسی و ئابووری و بزنسمان و نوێنەرانی کۆمپانیا مەزنەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی و ڕاگەیاندنکار لە 50 پەنجا وڵات، دیدار و کۆڕبەندێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی وڵاتان و، دەکرێ لە پەراوێزی ئەم کۆنگرەیەدا دەیان دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی وڵاتان ئەنجامبدرێت و هاوبەش لە جیهانێکی فرەبۆچوونداً.

– شۆڕشی پیشەسازی چوارەم لە ناوچەکەدا.

دروشمی سەرەکی و ئەم تەوەرانە کە بابەتی سەرەکی گفتوگۆکانی کۆڕبەندەکە بوون، سەرەتایەکی گرنگن بۆ دارشتنەوەی ستراتیژێکی نوێی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا، بەشداریکردنی سەرۆک بارزانی لەو کۆڕبەندەدا ئەوەمان پێدەڵێت کە بەڵێ دەبێت کوردستان بەشداربێت لە دارشتنی سیستمی نوێی هاوکاریکردن و بەیەکەوە کارکردن لە ناوچەکەدا، کوردستان ڕۆڵی خۆی دەبێت لە دارشتنەوەی ستراتیژییەکی ئابووری و سیاسی و ئاسایشی ناوچەکەدا، ئەمانەش بە حوکمی ئەوەی کە کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن نەوت و غازێکی زۆرە و، لەهەمان کاتدا سەرچاوە ئابوورییەکانی فرەن وەک کشتوکاڵ و گەشتیاری و جۆرەها کەرەسەی سەرەتایی پیشەسازی، لە ڕووی سیاسییەوە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک مسعود بارزانی وایکردووە کوردستان ڕووبەڕووی هەموو ئەو پیلان و ئاستەنگانە بێتەوە کە ڕووبەڕووی کوردستان بوونەوە و سەرۆک بارزانی بە لێزانی و سیاسەتی حەکیمانەی خۆی توانی کوردستان لە قۆناخێکی هەرە سەخت و دژوار دەرباز بکات و گەمارۆکانی سەر کوردستان، تێکبشکێنێت، بانگهێشتکردنی بۆ کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو ئاماژەیەکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە کە بەڵێ سەرۆک بارزانی لە نێستا و داهاتوودا دەتوانێ لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، سەرەڕای ئەمانە پێگەی کوردستان لە ڕووی ئاسایشەوە گرنگە، کوردستان توانی ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە تێکشکانی تیرۆریستانی داعش و هێمنی و ئارامی کوردستان بپارێزێت و وەکو ناوچەیەکی ئارام بمێنێتەوە، بێگومان ئەوەش بۆ هەموو لایەک ڕوونە کەوا سەرۆک بارزانی وەک فەرمانڕەوێکی هاوشانی پێشمەرگەیەک هاوشانی پێشمەرگەکانی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەرەڤانیکردن و پاراستنی کوردستاندا بوو، ئەو ئاسایش و ئارامییەی لە کوردستان هەیە وادەکات کوردستان ببێتە ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان و ڕێگە بۆ وەبەرهێنەران خۆش دەکات بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەمەش لە داهاتووی نزیکدا وادەکات کە کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر پێشڕەبچێت.

بێگومان بەشداربوونی سەرۆک مەسعود بارزانی لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو لەم کاتەدا کرانەوەیەکی گرنگە بە ڕووی ناوچەکەدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و وڵاتانی بەشداری کۆڕبەندەکە بە گشتی و ئوردن بە تایبەتی، بانگهێشتکردنی بۆ کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو ئاماژەیەکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە کە بەڵێ سەرۆک بارزانی لە نێستا و داهاتوودا دەتوانێ لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، سەرەڕای ئەمانە پێگەی کوردستان لە ڕووی ئاسایشەوە گرنگە، کوردستان توانی ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە تێکشکانی تیرۆریستانی داعش و هێمنی و ئارامی کوردستان بپارێزێت و وەکو ناوچەیەکی ئارام بمێنێتەوە، بێگومان ئەوەش بۆ هەموو لایەک ڕوونە کەوا سەرۆک بارزانی وەک فەرمانڕەوێکی هاوشانی پێشمەرگەیەک هاوشانی پێشمەرگەکانی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەرەڤانیکردن و پاراستنی کوردستاندا بوو، ئەو ئاسایش و ئارامییەی لە کوردستان هەیە وادەکات کوردستان ببێتە ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان و ڕێگە بۆ وەبەرهێنەران خۆش دەکات بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەمەش لە داهاتووی نزیکدا وادەکات کە کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر پێشڕەبچێت.

بێگومان بەشداربوونی سەرۆک مەسعود بارزانی لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو لەم کاتەدا کرانەوەیەکی گرنگە بە ڕووی ناوچەکەدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و وڵاتانی بەشداری کۆڕبەندەکە بە گشتی و ئوردن بە تایبەتی، هەبێت، بۆئەوەی لە لایەک پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکان و بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابووریەکانی لەگەڵ عێراق و کوردستان بپارێزێت و پێشبخات و، لەلایەکی دیکەشەوە لە ڕووی ئارامی و ئاسایشەوە سنووری وڵاتەکەی لەگەڵ عێراقدا بێ کێشە و پارێزراو بێت.

بێگومان ڕۆڵی سەرۆک بارزانی نەک تەنیا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەکەشدا بۆ پاراستن و چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی زۆر گرنگە، بۆیە ئوردن بە گرنگی دەزانێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سوود لە پێگەو ڕۆڵی سەرۆک بارزانی وەربگرێت، ئەم بانگهێشتکردن و سەردانەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییانەن.

هەروەها لە دیدارکەی نێوان سەرۆک بارزانی و شا عەبدوللای دووەم جەخت لەسەر پەیوەندییە میژوویەکانی نێوان هەردوولا و بەردەوامیی ئەو پەیوەندییانە کراوەتەوە و باس لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان کوردستان و شانشینی ئوردن و باس لە هەماهەنگی و هاوکاریی بەردەوام لەپێناو شەڕی تیرۆر و توندڕۆیی و، ڕیشەکێشکردنی تیرۆریستان کراوە، ئوردن و کوردستان هەردوو لا بەشدارن لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شەڕ دژی تیرۆر، هەموو لایەکیش ئەوە باش دەزانن کەوا سەرۆک مسعود بارزانی وەک پێشمەرگەیەکی خاوەن ئەزموون ڕۆڵێکی کارای بینی لە شەڕی دژی تیرۆریستان، بوێری و لێهاتووی و شارەزایی سەرۆک بارزانی و گیانفیدایی پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بۆیە بەشێک لەو دیدارەی سەرۆک بارزانی پەیوەست بووە بەوەی کەوا لە داهاتوودا چۆن بتوانن هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر.

سەرۆک بارزانی کە بە خاوەن سیاسەتێکی حەکیمانەو وردبینانە و دووربینانە و خاوەن ئەزموون ناسراوە ڕۆڵێکی کارای دەبێت لەو گۆڕانکارییانەی کەوا لە ناوچەکەدا دێنە پێشەوە و ڕوودەدەن، بۆیە ڕاوێژپێکردن و گوێگرتن لە سەرۆک بارزانی سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکان و دارشتنەوەی ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ ناوچەکە گرنگی خۆی هەیە، ئوردن لە ڕێی ئەو بانگهێشتە فەرمییەو ئەو پێشوازیکردنەی لە سەرۆک بارزانی پەیامێکی بە هەموو لایەکدا، کەوا بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆک مسعود بارزانی-یە و، سەرۆک بارزانی وەک هەمیشە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ناوچەکەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە ڕاوێژی لەگەڵدا بکرێت و بیروڕاکانی بەهەند وەربگیرێن.

کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆتە جێی بایەخ و گرنگی خۆی، پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەو پێشڕەچوونانە بەهەند وەربگرن و ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن و هەنگاوی خێرا بنێن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان، هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگە لەسەر ئاستی ناوچەیەیی و نێودەوڵەتی بە بایەخ و گرنگییەوە سەیرمان بکەن و لە ناوخۆش ناتەبابین، بۆیە لەسەر هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کەوا بە خۆماندا بچینەوەو ڕەچاوی بەرژەوەندی بالای گەلی کوردستان بکەین و بەیەکەوە هەوڵی پێشڤەبردنی کوردستان بدەین و هاوکار و پشتیوانی سەرۆک مەسعود بارزانی بین بۆ گەیشتن بە کەناریکی ئارام و دوارۆژێکی گەش.

*** سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK.**



وەیسی سەعید وەیسی

وتارەکەی سەرۆک هێمای وەفادارییە

لەمیانەی وتەیەکی دا لەمەڕاسیمی سەنتەری دیراسات وتوێژینەوەوئەکادیمیای پارتی سەرۆک مسعود بارزانی باسی لەڕۆڵی گرنگ و میژووی دەڤەری بالەکایەتی کرد کە چۆن ئوردن بە ڕێبەرایەتی شا حوسێن و دواتر کوڕەکەی شا عەبدوللا دووەم، هەمیشە هەوڵیداوە ڕۆڵی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕزگاریخوازی فەلەستین بگێڕێت و بەردەوام پشتگیری لە مافەکانی گەلی فەلەستین کردووە و هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە ئاشتیانە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئوردن هەمیشە لە پێناو ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەدا کاری کردووە و هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

وون بوون
پێناسێکی پەیمانگای تەکنیکی کەلار بەناوی (محمد حاتم عمر) وون بوە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
***
رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك
محكمة الاحوال الشخصية في كلار
التاريخ: ٢٠١٩/٣/٢٧
العدد: ٢٠٧ / ش/ ٢٠١٩
اعلام
الي المدعي علية / عباس مولود نادر
اقامت المدعية (شنو جاسم نادر) الدعوي المرقمة (٣٠٧/ ش/ ٢٠١٩) و تطلب نفقة ماضية و مستمرة لها ولابنتها (زينة عباس مولود)، وبما ان محل اقامتك غير معلوم حسب اشعا مختار محلة شيروانة، لذا قررت هذة المحكمة تبليغك عن طريق صحفيتين يوميتين محليتين لحضورك امام هذة المحكمة بتاريخ (٢٠١٩/٤/٢٨) الساعة (٩) صباحا، يوجب الحضور بنفسك او بوكيل عنك و بعكسة تجري المرافعة بحقك غيابيا و علينا.
القاضي/ بروين علي احمد
***
محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد ١١/ /مواد/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٤/١٦
اعلان
الى المدعى عليها (كوردستان بيبو سيتو) السكن قضاء الشيخان مجمع مهد سابقا حاليا مجهولة محل الاقامة
قررت هذه المحكمة تعيين يوم ٢٠١٩/٤/٢٥ الساعة التاسعة صباحا موعدا للمرافعة في دعوى التفريق المرقمة ١١/مواد/٢٠١٩ والمقامة من قبل المدعي (سرهات عيدو علي) ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين وفي حالة عدم حضورك في الموعد المحدد اعلاه سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا وفق الاصول والقانون
القاضي / حسام الدين احمد علي
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : خيرو مسكين حسين
للطلب المقدم من قبل المستدعي (سمير خيرو مسكين) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : الياس مراد حسين
للطلب المقدم من قبل المستدعي (الياز الياس مراد) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٦/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (یاسین قادر محمد)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (پاتریك اوسکە جیمن)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (فاتن عبدالرزاق جراد)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (یاسین قادر محمد)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٧/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ازاد محمد میرو)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٤٠ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٨ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٥/موجزة/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ریباز ابراهیم نوری)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٤٩/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (عابد قاسم عبدالله)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبن بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٨٧/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (یوسف هرمز شمعون)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٠٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (فرهنگ شهاب عزیز)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٢٣٨ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٨ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسماعیل محمد یاسین)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (محمود سیف حیدر و خالد عبدالکریم الدحله)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبن بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٧/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (محمود سیف حیدر و خالد عبدالکریم الدحله)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبن بەرامبەر دادگا.
دادەور / حنان بشیر محمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٣/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: عبدالباسط محمد خطاب
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٢٤٠ لەیاسای سزاکان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادەور / معتصم امین لیلانی
***
دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە:٢٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٤/٣
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد زیاد خلف
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٢٤٠ لەیاسای سزاکان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادەور / معتصم امین لیلانی
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٣/تحریر ترکە/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٦
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٢١٨١١/ هەولێر/ بارهەڵگر) جۆری (دێر پیکاب دەبڵ قارە) مۆدێل (٢٠١٢) ڕەنگ (سوور) کارا یە بۆ کارکردن کە بەناوی خوا لێخۆشبوو (مخلص خضر محمد) تۆمارکراوە، لە رۆژی (٢٠١٩/٤/٢١) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ لەم دادگایە جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لە کات و شوێنی دیاریکراو وە بڕە پارەی یاسایی بەرێژەی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت ئۆتۆمبێلەکە خەملێنراوە بەنرخی (٥,٠٠٠,٠٠٠/ پێنج ملیۆن) دینار...
دادەور/ عادل عمر عبدالله
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٤/١٥
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عمر محمد وسمان) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانەراوە لە (پ. باکور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی ٢٤٠ لەیاسای سزاکان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنی بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادەور / معتصم امین لیلانی
***
دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە:٢٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٤/٣
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد زیاد خلف
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٢٤٠ لەیاسای سزاکان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادەور / معتصم امین لیلانی
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٣/تحریر ترکە/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٦
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٢١٨١١/ هەولێر/ بارهەڵگر) جۆری (دێر پیکاب دەبڵ قارە) مۆدێل (٢٠١٢) ڕەنگ (سوور) کارا یە بۆ کارکردن کە بەناوی خوا لێخۆشبوو (مخلص خضر محمد) تۆمارکراوە، لە رۆژی (٢٠١٩/٤/٢١) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ لەم دادگایە جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لە کات و شوێنی دیاریکراو وە بڕە پارەی یاسایی بەرێژەی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت ئۆتۆمبێلەکە خەملێنراوە بەنرخی (٥,٠٠٠,٠٠٠/ پێنج ملیۆن) دینار...
دادەور/ عادل عمر عبدالله
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٤/١٥
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عمر محمد وسمان) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانەراوە لە (پ. باکور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر
راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکتایکی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قەرنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- دوو دانە خوێ و کێشان و لێدانی بەروار بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤,٥*K.W٢.
٢- سێ دانە تێکردنی خوێ و کێشان و لێدانی بەروار بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤,٥*K.W٣.
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار /یەك
ژمارە / ٥
رێکەوت / ١٤ / ٤ / ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/٣
ژمارە/ ٢٢٧/ب/٢٠١٨
رۆژ/ ٢٠١٩/٤/٣
داواکار/ بەرێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای دیوان بۆ بازرگانی گشتی
داوا لەسەرکراو: سروە علی احمد
ئەم دادگایە لە بەروای ٢٠١٨/١٠/٢٩ بریاریکی دەرکرد بە:
پابەند کردنی داوا لەسەر کراو سروە علی احمد بەپێدانی بڕی ١٤١٠ هەزار و چوار سەد و دە دۆلاری ئەمریکی بە داواکار ئەگەر نەکرا پێدانەوەکە بە دراوی دۆلار بێ ئەوا هاوتاکەی بەدینار عێراقی بە ٢٤٨٤٧٥٧ دوو ملیۆن و چوار سەد و هەشتاو چوار هەزار و حەوت سەد و پەنجا و حەوت دینا دەبێ وە بریاردرا تێچووی داواکە و کرێی ماندوویەتی پارێزەرایەتی بۆ بریکاری داواکار سەربارى کارەکان پارێزەر دیلمان عثمان محمود بەبڕی ٢٤٨٤٧٥ دوو سەد چل و هەشت هەزار و چوار سەد و حەفتا وپێنج دینار لەسەر داوا لەسەرکراوان بێ بە شێوەی هاریکاریانە وە لەبەر ئەوەی ئێستا رێوشوێنی نیشتەجێی داوا لەسەر کراو هێشوو سردار محمد نادیارە. ئاگادارتان دەکەینەوە کە بە دوو رۆژنامەی ناوخۆ ئاگاداری ناوبراوان بکەنەوە بۆئەوەی لەماوەی یاساییدا رەخنەو پێداچوونەوە لەبریارەکە بکرێت. بە پێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ حسێن محێدین تەهماس
***
دوو رۆژنامەی ناوخۆ ئاگاداری ناوبراوان بکەنەوە بۆئەوەی لەماوەی یاساییدا رەخنەو پێداچوونەوە لەبریارەکە بکرێت. بە پێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ حسێن محێدین تەهماس
***
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی و دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر هەلمەت حسین علی بریکاری عمشە یونس عبدالله سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەلدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:
لە یونس عبد جادر بۆ یونس عبدالله جادر
لە بریاری تەسویەی پارچە زەوییەکانی ژمارە (١٦, ٢٧, ٩٤, ١٠٠, ١١٩) کەرتی ١٨/ ابوجردە کە لە سالانی تەسویە بە هەلە تۆمارکراوە پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەلگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەل شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢ کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
سەرۆکی لیژنە/ کاروان إبراهیم اسماعیل
***
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی و دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر هەلمەت حسین علی بریکاری عمشە یونس عبدالله سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەلدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:
لە یونس عبد جادر بۆ یونس عبدالله جادر
لە بریاری تەسویەی پارچە زەوییەکانی ژمارە (١٦, ٢٧, ٩٤, ١٠٠, ١١٩) کەرتی ١٨/ ابوجردە کە لە سالانی تەسویە بە هەلە تۆمارکراوە پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەلگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەل شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢ کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
سەرۆکی لیژنە/ کاروان إبراهیم اسماعیل
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر
ژمارە/ ٢٨٤٢/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٦
ئاگاداری
بۆ قەرزار محمد مولود محمد شوێنی نیشتەجێ نادیار
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان و هەمیشەیی یان کاتی یان هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ راگەیاندنتان هەر بۆیە بە پێی مادەی ٢٧ی یاسای جێبەجێ کردن بریاردرا لە رێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆیەوە ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری فرۆشتنی بنبڕ الإحالة القطعیة لەسەر مولکی ژمارە ٣/٣٣١٨ك٧٦ کونەگورگ بەبڕی ٥٤,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار لەسەر داوای خاوەن قەرز هشیار محمد صدیق صالح کە دەکاتە ٨٠,١٣٠,٠٠٠ ملیۆن دینار و بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامی مادەی ٩٧ لە یاسای جێبەجێ کردن بریاردرا بە راگەیاندنتان بەم ئیحالەیەی سەرەوە بۆ دانەوەی بڕی پارەی قەرزی سەرەوە لەماوەی ١٠ دە رۆ ژلە رۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامەی ناوخۆ لەکاتی نامادەنەبوونت ئەم بەرێوەبەرایەتییە هەلدەستێت بە جێبەجێکردنی زۆری بەپێی یاسا.
جێ بەجێ کار داد/ هەردی حمدامین همزه
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر
ژمارە/ ٢٨٤٢/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٦
ئاگاداری
بۆ قەرزار محمد مولود محمد شوێنی نیشتەجێ نادیار
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان و هەمیشەیی یان کاتی یان هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ راگەیاندنتان هەر بۆیە بە پێی مادەی ٢٧ی یاسای جێبەجێ کردن بریاردرا لە رێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆیەوە ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری فرۆشتنی بنبڕ الإحالة القطعیة لەسەر مولکی ژمارە ٣/٣٣١٨ك٧٦ کونەگورگ بەبڕی ٥٤,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار لەسەر داوای خاوەن قەرز هشیار محمد صدیق صالح کە دەکاتە ٨٠,١٣٠,٠٠٠ ملیۆن دینار و بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامی مادەی ٩٧ لە یاسای جێبەجێ کردن بریاردرا بە راگەیاندنتان بەم ئیحالەیەی سەرەوە بۆ دانەوەی بڕی پارەی قەرزی سەرەوە لەماوەی ١٠ دە رۆ ژلە رۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامەی ناوخۆ لەکاتی نامادەنەبوونت ئەم بەرێوەبەرایەتییە هەلدەستێت بە جێبەجێکردنی زۆری بەپێی یاسا.
جێ بەجێ کار داد/ هەردی حمدامین همزه
***

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	HSE Engineer
Direct Supervisor	Subsurface Team Leader
Department	E&P - Subsurface
Contract Type	Consultant
Job Location	Chemchamal – Kurdistan Region
Document Ref: HE/E&P/Apr/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Provides the support necessary to contribute towards efficient health, safety and environmental management in order to create secure, safe and healthy working conditions throughout the site, while protecting the environment during project execution phase. Reports to the Subsurface Team Leader.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
HSE Support Responsibilities
1. Supports Seismic project planning phase and operations in developing and implementing HSE plans, impact assessments and risk assessments.
2. Support implementation of corrective actions from HSE audits, inspections, incidents and meetings.
3. Leads/participates in incident investigations and report writing to ensure timely delivery.
4. Participates in HSE procedural reviews with management.
5. Implements a work permit audit plan for Seismic operations.
6. Reports any unsafe behaviors, unsafe acts and conditions to management and promotes the reporting of unsafe acts and conditions to the workforce.
7. Ensures corrective actions from HSE observation system are tracked and completed and follows up on outstanding actions.
8. Maintains high standards of HSE leadership at all times and advises on HSE best practices.
9. Ensures HSE weekly and monthly reports are prepared in a professional and timely manner.
10. Carries out HSE inductions and training as required.
11. Prepares and distributes HSE posters and information and delivers safety awareness sessions as required.
12. Assists with preparation and implementation of risk assessments and management plans.
13. Attends and actively participates in all department's HSE meetings and monitors daily site activities.
14. Organizes and participates in emergency drills and supports implementation of lessons learnt.
15. Plays a critical role in emergency response situations to minimize actual and potential impacts.
16. Reports to the Crescent Petroleum Subsurface Team Leader on all issues relating to HSE support functions within Seismic operations and works closely with the Seismic Project Supervisor to provide HSE support and oversight. Functional reporting will be to the E&P HSE Team Leader.
17. Communicates and collaborates with other Crescent Petroleum assets and entities to ensure good cooperation while managing different interfaces such as SIMOPS, emergency management, etc.

1

Crescent Petroleum

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree in an HSE related study.

Minimum Professional Experience Required

- Minimum of 5 years' experience in an HSE role supporting Seismic field operations.
- Prior experience working in Seismic projects in Kurdistan would be a strong asset.
- NEBOSH certification or equivalent.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 27 April 2019th

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is HSE Engineer: Ref: HE/E&P/Apr/19)

2

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/4/18 ژمارە (5733)
خەبات

ئالیس مۆنرۆ.. شانۆنی کورتە چیرۆک



بۆتان جەلال

بە بیرو بۆچوونی (پیتەر ئینگلۆند) لە ئەکادیمیای سوید، دەستنیشانکردنی ئالیس مۆنرۆ گەورە نووسەری کەنەدی بۆ بەدەستهێنانی خەلاتی نۆبڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەر توانیویەتی تەکانێکی هونەری و وردەکاریەکی زیرەکانە بە کورتە چیرۆک بدات و گەشەی پێبکات، وەک چۆن لە سەردەمی هاوچەرخدا (چیخۆف)ی گەورە نووسەری ڕووسی ئەو کارەی کردبوو، مۆنرۆ خاوەن شێواز و سەلیقە و زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی، بەو زمانەش زۆر ڕوون دەناسرێتەوە، ئەکادیمیای سویدی ڕۆژی 10/10/2013ڕایگەیاند خەلاتی نۆبڵی وێژە درا بە ژنە نووسەری کەنەدی (ئالیس مۆنرۆ) کە یەکەم ژنی کەنەدییە ئەم خەلاتە وەرگرێت و 13ەمین ئافرەتە نووسەریشە لە هەموو جیهان دەبێتە خاوەن نۆبڵی وێژە، بردنەوەی ئەم ڕێز لێنانە بۆ مۆنرۆ هیچ هەڕەمیەک و ناپێشینیەکی لێ ڕووینەدا، چونکی ئەو بە کورتە چیرۆکەکانی، خۆی بە دنیا ناساندووە، ڕەزامەندی جەماوەرێکی زۆری لە هەموو گێتیدا گڵداوەتەوە.



سەرەتای ژیانی بە نووسینی ڕۆمان دەستی پێکرد، وەلێ لێی سەرکەوتوو نەبوو، چەند جارێکیش وتوویەتی (من نازانم ڕۆمان بنووسم)، بۆیە هەستی کرد ئەو ڕێگایە جێ بهێڵێ و خۆی بخاتە سەر ڕێگای کورتە چیرۆک، چونکی تەواو ئەو متمانەیەی هەبوو دەتوانێ ئەسپی خۆی لەو گۆڕەپانەدا تاو بدات، ئەوە بوو لە چاپکردنی یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە ناوی (سەمای سێبەرە شادەکان) لە ساڵی 1968 دەستبەڵایەکی ڕادەبەدەری لێ بەدەر کەوت و خوێنەرێکی زۆری پێ سەرسام کرد، سەرکەوتنی لە یەکەم وێستگەی کورتە چیرۆکدا، وای لێکرد جیهان بینی فراوانتر بێ و بە تەواوی خۆی بپرژێنێتە سەر بابەتی ژنانە و لە کێشەی ئافرەتاندا قوڵ ببێتەوە، نەخاسمە کۆمەڵگای ئالیس مۆنرۆ چەندین کێشەی ئافرەت و گرفتی دەستدرێژی سێکس و مودمن بە ماددە کۆمۆلی و هۆشبەرەکانی تیا قووت ببۆوە و چەندین خێزان بە دەستی ئەو ئافاتە مرۆییانەوە نارەحەت بوون، لەو سۆنگەیەوە ئەزموونی خودی خۆی وەک ئافرەتێکی کەنەدی و چاوکراوە بە ژیانی شارستانیەتانە، کە پەروەردەی خێزانێکی کراوەی شاری (وێنهام) و پاشان گواستنەوەی بۆ شاری (گیتۆ) کە لێوان لێو بوو لەو خێزانانەی سەرقاڵی قاچاخچیەتی و لەشفرۆشی و سەرگەردان بە دەست ماددە هۆشبەرەکانەوە، بووە هۆکارێکی دیکە تا بە ڕەگاژۆبوونی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە شۆڕ ببێتەوە، وە بە کردار توانی ئەو گرفتانە زۆر بە وشیاری و زیرەکانە بەرجەستە بکات و چەندین چیرۆکی لێ هەڵهێنجێ و بیانکاتە هەوێنی کار و بەرهەمەکانی، هەر تەنها بەوە وازی نەهێنا کە گرفتەکان وێنا بکات، بەڵکو وەک پزیشک و دەروونناسێک، چارەسەرییەکانیشی دەدۆزییەوە، مۆنرۆ ستایلی چڕوپڕی و کورت دادڕی لە نووسینەکانی دا هەڵبژاردووە، ڕاشکاوانە چۆنە نێو مەسەلە زۆر تایبەتمەندییەکانی خێزان و ژنان، وە ئازایانە ڕووبەڕووی بابەتە وروژێنەر و ناسکەکانی ژنان بۆتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە لای ژنانی وڵاتەکەی زۆر خۆشەویست بوو، خۆ خزاندنە نێو ئەو کێشە دەگمەنانەی ژنانی کەنەدی بە تایبەتیش ناپاکی و لێکترازان و کارەساتی دەست دژێزی سێکسی، بلیمەتی و جەربەزەیی دەویست، هەموو نووسەرێک ئەو توانایەی نییە خۆی لە قەرەیان بدات، بەڵگەش چیرۆکی (سەمای سێبەرە شادەکان)ی بلاو کردەوە، حکومەتی کەنەدا گەورەترین خەلاتی ئەو وڵاتەیان پێ بەخشی کە بە نرختر و ناودارترین خەلاتی بواری ئەدەبە لە کەنەدا.

بابەتی ئەو چیرۆکانەی ئەلیس مۆنرۆ دەیاننووسێ تا ڕادەیەکی زۆر لە ژیانی خۆی وەرگیراون و ڕەنگدانەوەی سەربردەی ژیانی خۆیەتی، هەرگیز باوەڕ بەوەش ناکات کە نووسەرێکی فێمەنیست بێت، سەبارەت بە نووسینی ڕۆمانیش وای بۆ دەچێ کە نووسینی کورتە چیرۆک جۆرە مەشقێکە بۆ ئەو تا بۆی بلوێ لە داهاتوو ئەو کارە بکات، مۆنرۆ لە نووسینەکانیدا هەناسەی درێژە، تا چەند دێرێک دەنووسێ، چەندین جار لایان دەبات و دووبارە دایاندەڕێژێتەوە، زۆر بیر لە بونیادی تێکستەکانی دەکاتەوە و بۆ هەر ڕستە و وێنەیەک لە دەقەکان دەیان جار دەیانووسێتەوە تا دەگاتە ئەو باوەڕە کە شوێنی گونجاوی خۆیان گرتووە.

لە گفتوگۆیەکدا ئایس مۆنرۆ دەڵێت: (تاکە نووسەرێک کە سەرنجی ڕاکێشابم و پێی سەرسام بووبم (ئیدۆر ویلتی)یە کە بە ڕاستی زۆر ڕاستگۆیانە خۆی دەنووسێتەوە، نووسەرێکی باشە، بەڵام هەرگیز هەوڵ نادەم لاسایی ئەو بکەمەوە، یان لە ڕووی هونەرییەکەیەوە ببمە دانەیەک لە کۆپی مێشکی ئەو....).

مۆنرۆ تا سەر ئێسک دڵسۆزە لە کارەکانی و هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەشی، هەمیشە بەدات، لە ساڵی 1950 هاوسەرگیری یەکەمی دەکات، لە 1972لێی جیا دەبێتەوە، ئەمجارە لە ساڵی 1976 ژیانێکی نوێ لەگەڵ زانایەکی جوگرافیا بەناوی ((جیرالد فرێلین)) دەست پێدەکات، ئێستا تەمەنی 82ساڵە و بە کاریگەری نەخۆشی شێرپەنجەوە دەناڵێنێت. گرنگترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی مۆنرۆ بریتین لە چیرۆکی (سەمای سێبەرە شادەکان) (1968)ژیانی کچان و ئافرەتان (1974)کارەکەرە سواڵکەرەکە) 1984 (سێوەکە یان پرتەقاڵەکان) 1990 (هەڵهاتن) (2004 دیمەنی کاسل ڕۆک (2006خۆشیەکی ڕادەبەدەر) ?2009 (ژیانی ئازیز) 2012

فەلسەفە لە دوای مەسیحیەت



ئەحمەد حاجی مەولود

"کونستانتین،" ئیمپراتۆری ڕۆم لە ساڵی 307زایینی، یەکەم ئیمپراتۆر بوو، بۆ ڕاکێشانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، کە تۆڕێکی زۆری جەماوەری ڕەنجکێش، بۆ ئارامکردنەوەی ڕوح و دەروونیان پەنایان بۆ ئایینی مەسیح بردبوو، ئایینی مەسیحی هەڵبژارد. هەرچەند ئەو کارەی ئەو تاکتیکی سیاسی و سەرکەوتوو بوو، بەڵام نزیکەی سەد ساڵ بەر لەو، ڕەوتی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفی "ڕۆم" لەلایەن "فلوتین" وەکو "فەلسەفەی نوێی ئەفلاتون" بەشێوەی ڕێکوپێک دیاریکرابوو، فلوتین کە هاوکات لەگەڵ "مانی" دەژیا، دامەزرێنەری قوتابخانەی "ئەفلاتونی نوێ" بوو. "فلوتین" وەکو "ئەسپینۆزا" خاوەنی ئاکاری پاک و لەسەرخۆیی سروشتی زۆر بوو. ناوەڕۆکی وتارەکانی هەموو کات مرۆڤەکان دادەنا. ئەو هەوڵیدەدا تا وێنەیەکی "ئۆمانیستی" لە فەلسەفەی ئەفلاتون نیشان بدات.



ئەو لەگەڵ "ڕەواقیەکان" بەهۆی ماددەگەرایی، هەروەها لەگەڵ "ئەپیکوریان" لەبەر فەلسەفەی چێژوەرگرتن دژایەتی دەکرد. تیۆری "نمونە"ی ئەفلاتون سەرنجی تایبەتی پێ دەدا. بان سروشتی ئەفلاتون، لە سیانەی پیرۆز، واتا "یەکتا"، "ڕوح" و "نەفس" پێک دێت. بە بۆچوونی ئەو "زاتی یەکتا" کە هەمان "خوایە"، سەرچاوەی خێرە. ئەو پرسە دەبێ بە شێوەی بنەمای سەرەکی وەربگیردرێت. "فلوتین"، "زەین"ی مەعنەوی لەسەروی نەفس دادەنا. بە بۆچوونی ئەو "نەفس" دروستکراوی خواییە، دوو لایەنی "دەرونی" و "دەرەکی" هەیە. لایەنی دەرونی ئەو خواییە و لایەنی دەرەکیشی ڕازاوەییە. سەردەڕای هەموو جوانیەکانی جیهانی دەرەکی و سروشتی، جوانیەکانی ئەو بە جوانیەکانی جیهانی مەعنەوی و عیرفانی ناگات.

لە ڕوانگەی دەرەبەگەکان، لە سەرەتای سالانی سێسەدی زایینی تا سەرەتاکانی سالانی شەشسەد، ئایینی مەسیحیەت، ئایینی چینی هەژاری کۆمەڵگە بوو، کە لە پەراوێزی کۆمەڵگە دەژیان. ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، بە تایبەتمەندی میژوویی خۆی دژێڕەی بە ژیانی دەدا. لەو سەردەمەدا تەنانەت پاشایانی ئەشکانی، مندالانی خۆیان بۆ فێرکردن و پەروەردەکردن و بەتایبەت فێرکردنی سەربازی ڕەوانەی ئیمپراتۆریەتی ڕوم دەکرد. مامۆستایانی فەلسەفەی ئەسکۆلاستیک هەوڵ و فێرکراوەکانی خۆیان لە نیو مەسیحیەت دژێڕ پێددا. کەسانێک کە مەسیحیەتیان وەکو ئایینی بەلقیس، مەلەکەی سەبا خۆرپەرستی بووە. لە نیو مەسیحیەکانیش هەروەها عیسا دەبێتە کوڕی خوا و دەبێتە قوربانی خەڵک. ڕەنگە هەمووی ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو قوربانیکردنەی گەورەی پێغەمبەران حەزرەتی ئیبراهیم، کە خوا لە جیاتی ئیسماعیل بەرانێک دەکاتە قوربانی. ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لە هیندستان کەسانێک هەنە منداڵەکانیان دەکەنە قوربانی بتەکان، تەنانەت لە میژوودا هاتووە عەبدولموتەلیبی باپیری پێغەمبەر(د.خ) وا دەقەومێ کە عەبدوڵڵای کوڕی بکاتە قوربانی، بەڵام لە جیاتی 100وشتر دەکاتە قوربانی. دەڵێن هەندێک لەو بتانەی لە کەعبەی پیرۆزدابوون، بەر لە فەتحی مەکە دەگوازرێنەوە هیندستان. ئەگەرچی بیستم مامۆستا عەبدولرەحمان سدیق گوتبووی ئەو قوربانیکردنەی حەزرەتی ئیبراهیم جۆرێک لە سناریۆ بووە!

بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی کڵێسا بەسەر ڕۆژئاوا و ئەورووپا، مەسیحیەکان بە ڕادەیەکی ترسناک یەهودیەکانیان ئازار و ئەشکەنجە دەدا.

گرنگترین ئەندێشەی ئایینی جولەکە، کە بۆ 3000تا 3400ساڵ میژووەکەی دەگەڕێتەوە، لە فاکتەرەکانی خواڕێ کورت دەکرێنەوە: هەبوونی هۆزێکی پیرۆز، کە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ خوا هەیە. باوەڕی ئەوان بە هەڵبژاردە و پێغەمبەرانێک لەو هۆزە، وەکو حەزرەتی داود و سولەیمان، کە لەڕاستیدا پاشان بوون. سێیەم خێرکردن و چاکەکردن لە ڕێگەی خوا. چوارەم هەبوونی شەریعەتێکی ئایینی بەشێوەی دە فەرمانی موسا، کە لەلایەن خواوە ڕاگەیاندراوە. پێنجەم ئەوان باوەڕیان وایە کە نێردراوێکی دیکە لەلایەن خواوە دێت تا ڕزگاری گشتی مرۆڤایەتی بەدیبێنێت. شەشەم مرۆڤە لە خواترسەکان لە دوای مردن بۆ ئاسمان بەرز دەبنەوە و دەچنە بەهەشت و تاوانباران دەچنە دۆزەخ.

هەڵومەرجی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بەهۆی خەمساری دەرەبەگان، توانی کڵێسا زیاتر لێک نزیک بکاتەوە تا یەک بگرن، دەسترۆیشتوویی ئەو لە نێو ئیمپراتۆریەت و لە دەرەوە زۆرتر دەبوو و توانی ئابووری و دەسەڵاتی پاپا و کڵێسا بەرفراوان بکات. ئیتر کڵێسا تەنیا هێزوکەرەوەی گیانی زەحمەتکێشانی هەژار لە ڕێگەی ڕەنجکێشان نەبوو، خودی کڵێساکان بوونە گەورەترین خاوەن زەوی و سامانی کۆمەڵگە، کە هێزی ئابووری و سیاسی ئەوان لەگەڵ پاشایان بەرامبەر بوو. کڵێسایەک کە هێزی ئابووری و سیاسی ئەو بەرامبەری دەکرد لەگەڵ ئیمپراتۆر، هێزی مەعنەوی خۆشی بەکار دەهێنا. بەشێکی زۆری داب و نەریتەکان و زۆرێک لە کاروباری ئابووری دەبوایە لە ڕێگەی کڵێسا جێبەجێ بکرایە. ئیتر دەسەڵاتی پاشاکان ڕواڵەتی و بێ ناوەڕۆک بوو و دەسەڵاتی سەرەکی بۆ کڵێسا "ڤاتیکان" گواسترابۆوە. پاشاکان وەکو نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەبێ لە ڕێگەی کڵێسا دەست نیشان بکردرابانە. بە تێپەڕینی کات، کە دەسەڵاتی کڵێسا بەهێزتر دەبوو، شوێنی تایبەتی فێرکردنی ئایینی مەسیحی بەشێوازی دێر لە جێگای جۆراوجۆر دروست دەکرا، کە تەنیا ئایینی مەسیحی تێدا فێر دەکرد. سەردەمی پشکنین و لێپێچینەوەی بیروڕا و کتێب سوتاندن دەستی پێکرد و سوتاندنی ئەوانەی کە کفریان دەکرد یان جنۆکە چووتە نێو جەستەیان، لەگەڵ قوتابخانەکانی ئەسکولاستیکی ڕاهێبەکان، دەستپێکردنی سەردەمێکە، کە سەدان ساڵ درێژەی کێشا. هەر ئەندێشەیەکی زانستی کە لە دایک دەبوو، لەنێو دەچوو و تەواوی کتێبە نائایینی و نامەسیحی دەسوتێندرا. قەشەکان کە ببوونە گەورەترین خاوەندارییەتی ملک و سامان، نەتەنیا زەماوەندیان دەکرد، بگرە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریان لە بنەماڵەی خۆیان بەرە بۆ بەرەی دیکە دەگواستەوە. خەڵکی هەژار ببوونە کۆیلەی کڵێساکان. سەردەمی ئەفلاتونی نوێی فلوتین، کە سەردەمی هاوسەنگ کراوەی فەلسەفەی ئەفلاتون بوو و لەگەڵ عەقڵگەرایی و میانەڕەوی تێکەڵ ببوو، جێگەی خۆی گواستبۆوە بۆ تێکەڵیەک لە مەسیحیەت و فەلسەفەیەکی وشکی ئەفلاتون، کە لە قوتابخانە فەلسەفیەکان بەشێوازی ئەندێشەی زال کاری پێدەکرا.

سەرەتای زاڵ بوونی فەلسەفەی وشکی مەسیحیەت لە تێکەڵی لەگەڵ فەلسەفەی ئەفلاتون هاوکات بوو بە سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە دورگەی عەرەبستان و پەرەسەندنی لە ڕۆژهەلات... ئایینی مەسیحی لە 3لقی هەزری پێکهاتبوو: یەکەم بیروڕای فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەفلاتونی نوێ و هەندێک لە ئەندێشەی ڕەواقیەکانی لە خۆ دەگرت. دووەم تێگەیشتنی تایبەت لە بەهاکانی ئاکاری، کە لە ئایینی یەهود وەریان گرتبوو و بەکاریان دەهێنا و لە کۆتایی باوەڕیان بە ژیانی دنیای دیکە هەبوو. دەزانین کە لەسەردەمی شارستانیەتی میسری کۆن و شارستانیەتی ئیلام و بابل، میسریەکان باوەڕیان بە دنیای دیکە هەبوو، بەڵام بابلیەکان و ئیلامیەکان باوەڕیان تەنیا بە ژیانی ئەم دنیایە هەبوو. هەر ئەو باوەڕەی کە بە پێی ئەو خوا داوا لە حەزرەتی ئیبراهیم دەکات کوڕەکەی ئیسماعیل بکاتە قوربانی، بەڵام کوڕی خوا نییە. بەڵام دەبینرێ لە نێو چینیەکان، پاشاکانیان بەناوی فەغفور ناو دەبرد واتا کوڕی خوا یان کوڕی خۆر، کە مەبەست لە خوریش خوایە، یان لە ئیرانی کۆندا، ئایینی مێهر یان ئایینی خۆرپەرستی هەبوو، میترە کە جۆرە خوایەکە، دوای ئەوەی دێتە سەر زەوی و بەشێوازی مرۆڤێک دەردێ، بۆ ئەوەی زەوی پڕ پیت و بەرەکەت بکات، گایەک دەکاتە قوربانی و دووبارە دەگەڕێتەوە ئاسمان. هەروەکو قوربانی پیرۆزیش ئامارە دەکات، ئایینی بەلقیس، مەلەکەی سەبا خۆرپەرستی بووە. لە نیو مەسیحیەکانیش هەروەها عیسا دەبێتە کوڕی خوا و دەبێتە قوربانی خەڵک. ڕەنگە هەمووی ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو قوربانیکردنەی گەورەی پێغەمبەران حەزرەتی ئیبراهیم، کە خوا لە جیاتی ئیسماعیل بەرانێک دەکاتە قوربانی. ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لە هیندستان کەسانێک هەنە منداڵەکانیان دەکەنە قوربانی بتەکان، تەنانەت لە میژوودا هاتووە عەبدولموتەلیبی باپیری پێغەمبەر(د.خ) وا دەقەومێ کە عەبدوڵڵای کوڕی بکاتە قوربانی، بەڵام لە جیاتی 100وشتر دەکاتە قوربانی. دەڵێن هەندێک لەو بتانەی لە کەعبەی پیرۆزدابوون، بەر لە فەتحی مەکە دەگوازرێنەوە هیندستان. ئەگەرچی بیستم مامۆستا عەبدولرەحمان سدیق گوتبووی ئەو قوربانیکردنەی حەزرەتی ئیبراهیم جۆرێک لە سناریۆ بووە!

بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی کڵێسا بەسەر ڕۆژئاوا و ئەورووپا، مەسیحیەکان بە ڕادەیەکی ترسناک یەهودیەکانیان ئازار و ئەشکەنجە دەدا.

گرنگترین ئەندێشەی ئایینی جولەکە، کە بۆ 3000تا 3400ساڵ میژووەکەی دەگەڕێتەوە، لە فاکتەرەکانی خواڕێ کورت دەکرێنەوە: هەبوونی هۆزێکی پیرۆز، کە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ خوا هەیە. باوەڕی ئەوان بە هەڵبژاردە و پێغەمبەرانێک لەو هۆزە، وەکو حەزرەتی داود و سولەیمان، کە لەڕاستیدا پاشان بوون. سێیەم خێرکردن و چاکەکردن لە ڕێگەی خوا. چوارەم هەبوونی شەریعەتێکی ئایینی بەشێوەی دە فەرمانی موسا، کە لەلایەن خواوە ڕاگەیاندراوە. پێنجەم ئەوان باوەڕیان وایە کە نێردراوێکی دیکە لەلایەن خواوە دێت تا ڕزگاری گشتی مرۆڤایەتی بەدیبێنێت. شەشەم مرۆڤە لە خواترسەکان لە دوای مردن بۆ ئاسمان بەرز دەبنەوە و دەچنە بەهەشت و تاوانباران دەچنە دۆزەخ.

5 جار پاڵەوانی لاوانی ئەڵبانیا بووە

برونۆ بۆ «خەبات»:

لەشەترەنج ئەگەر خاڵێکیش بەدەست نەهینی ئەوا وانەیەک فێردەبیت کە دواتر ئاستت پی بەرزدەکەیتەوە





دیمانە: هاوار مورتکەیی

برونا توزی کچە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی ئەڵبانیا کە هەڵگری بڕوانامەی WFM و خاوەنی ڕیتینگی 1909 یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، خاوەنی چەندین دەسکەوتە لەسەر ئاستی وڵاتەکەی و ئەورووپا، لەوانە 5 جار لە ئاستی لاوان توانیویەتی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات بەپێویستی زانی دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدات و تیایدا باس لە چۆنییەتی چوونە نێو ئەو یارییە و هەروەها ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئێستا بەدەستی هێناون، ئەمە جگە لەوەی باس لەگرنگیی وەرزشی شەترەنج دەکات.

لە 5 ساڵی فێری شەترەنج بوو

برونا توزی Bruna Tuzi 5ی سێپتەمبەری 1995 لە تیرانای پایتەختی ئەڵبانیا لەدایک بووە، ئێستا قوتابی ماجستێری زانستە لە بواری دارایی و ژمێریاری، سەبارەت بە سەرەتای ئاشنابوونی بە یاری شەترەنج گوتی: کاتێک تەمەنم تەنها 5ساڵان بوو، مامم فێری ئەو یارییەی کردم و هەموو ئێوارەیەک لەماڵەوە برایەکانم و منااڵەکانی خۆی کۆدەکردەوە و بەدرێژایی شەو یاریی لەگەڵ دەکردین، من لەهەموویان بچووکتر بووم و هەموو جاریکیش من لێیانم دەبردەوە، کاتێکیش تەمەنم بووە 10 ساڵان بۆ یەکەمجار بەشداریم لە پاڵەوانێتی قوتابخانەکەمان کرد و پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، لەوکاتەوە تێکەڵ بەو یارییە بووم و لێی جیانەبوومەوە، بەردەوام لەگەڵ ئامۆزاکانم یارییم دەکرد، ئەمە وەک ڕاهێنانێک بوو بۆمن و توانیم پەرە بەخۆم بدەم، لەساڵی 2009 چوومە یانەیەک و لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەر بەردەوامیم بە ئاستی خۆمدا، لەبیرمە ئەوکات یەک ڕۆژ دوانەدەکەوتم لە ڕاهێنان و تەنانەت دواکەسیش بووم کە لەیانەکە دەگەڕامەوە.

بەشداری 2 ئۆڵۆمپیاد

لەبارەی بەشداریەکانیشی گوتی: لە ساڵی 2007 بۆ یەکەمجار بەشداریم لە پاڵەوانێتی سەر ئاستی ئەڵبانیا کرد، لە نۆڤیمبەری 2009 بۆ یەکەمجار بەشداریم لە پاڵەوانێتی لاوانی جیهان کرد، هەمان ساڵ ناوم تۆمار کرد بەمەبەستی بەشداری کردن لە پاڵەوانێتی لاوانی ئەورووپا بەاڵم بەهۆی ئەوەی نەمتوانی بەشداری بکەم لەبەر چەند هۆکارێک، لە ئاستی ئەڵبانیاش 5 جار توانیومە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی کچان بۆ تەمەنکانی U13،U11 ، U17،U15 ، U19 بەدەست بهێنم، لە خوار تەمەنی 20 ساڵی گشتی کوڕان و کچان پلەی دووەمم بەدەست هێنا، لەساڵانی 2014و 2015و 2018 پلەی دووەمم بەدەستهێنا، لە 2017 پلەی سێیەم، لە ساڵی 2011 لە پاڵەوانێتی لاوانی نێودەوڵەتی کە لە مەکدۆنیا بەڕێوەچوو توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم، لە پاڵەوانێتی دەریای ناوەڕاستیش کە لە یۆنان لە 2015 بەڕێوەچوو پلەی دووەم و میدالیای زیوم بردەوە، هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵبانیاش بەشداری ئۆڵۆمپیادەکانی 2012ی ئیستەنبول، 2018ی باتۆمیم کرد، لەوێ توانیم بڕوانامەی فیدا ماستەری ئافرەتان بەدەست بهێنم.

شەترەنج و خویندن بەیەکەوە

دواتر ئەو کچە شەترەنجزانە ئەڵبانیە لەبارەی خەونی کە هاتۆتەدی گوتی: تاکە نازناو کەتائێستا بەدەستم نەهینابی ئەوەیە کە نەمتوانیوە ببمە پاڵەوانی ئەڵبانیا لەسەر ئاستی کچان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە لەخوێندن بەردەوامم و نەمتوانیوە هەموو کاتەکانم بۆ ڕاهێنانی شەترەنج تەرخان بکەم، خۆشبەختانە لە خویندنیش توانیومە سەرکەوتوو بم، دەمەوێ لەهەموو کایەکانی ژیان سەرکەوتوو بم و هەوڵیان بۆ دەدەم، بەاڵم دەبێ ئەو ڕاستیە بڵێم کە هەمیشە یاری شەترەنجم خستۆتە پێشەوەی بایەخەکانم، ئەگەرچی هەندێ جار هەست بەماندوێتیش دەکەم، شەترەنج بۆ من زیاتر لە ئارەزوویەکە، چونکە شەترەنج زۆر شتی پی بەخشیوم، لەوانە چالاککردنی ژیان، گەشتی وڵاتانی دونیا، بەڕەنگاربوونەوە، پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکان، ڕۆشنبیری جۆراوجۆر، کەسایەتی، بۆیە دەتوانم بڵێم شەترەنج تیکەڵ بەژیانم بووە.

خەونی گەورەی

دواجار برونۆ هەر لەبارەی شەترەنجەوە دەڵێت: شەترەنج واتە هەموو شتێک، هەروەک شەترەنجزانی گەورە سپێرت ڕۆبرتیچ لەبارەی شەترەنجەوە دەڵێت: یاری شەترەنج وەک خۆشەویستی و و میوزیک وایە، کەدەتوانێ دڵی خەڵکی پێ ئاسوودە بکەیت، لەشەترەنج ئەوەیە ئەگەر خاڵێکیش بەدەست نەهینی ئەوا وانەیەک فێردەبیت کە دواتر ئاستت پی بەرزدەکەیتەوە، دواجار بەردەوام دەبم تا ئەوکاتەی دەبمە یەکێک لە یاریزانەباشەکانی جیهان.

لەیارییەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

بەبردنەوەی لەئارارات، پێشمەرگەی هەولێر پێشەنگی قایمتر کرد

هەولێر و برایەتیش لە زاخۆ و زێرەڤانیان بردەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەاڵن هەولێری

لەیارییەکانی قۆناخی دووەم و گەڕی بیست وسێی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، چەند یارییەکی گرنگ ئەنجامدران، لە گرنگترین یاریشدا، یاری دێربی نێوان پێشمەرگەی هەولێر و ئارارات بوو، کەیاریەکە لەیاریگای پێشمەرگەی هەولێر ئەنجامدرا، یاریەکە لەبەرژەوەندی تیپی خاوەن یاریگا کۆتایی هات دوای ئەوەی پێشمەرگەی هەولێر توانی بەئەنجامی 1-3 گۆڵ لەئارارات بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە دەستەبەرکرد.

گێمی یەکەمی یاریەکە دەستیپێکرد و یانەی ئارارات بەهێرشبردن دەستی بەیاریەکە کرد، یاریزانی پێشەگەری ئێرانی عەلی رازا توانی گۆڵی یەکەم تۆمار بکات، دوای تۆمار کردنی ئەو گۆڵە یاریزانی ناوبراو تووشی پێکان بوو، ناچار کرا یاریگا جێبهێڵێت و شوێنی خۆی بەیاریزانێکی دیکە دا، داوی ئەم گۆڵە یاریزانانی پێشمەرگەی هەولێر چەندین دەرفەتی ئاسانیان لەدەستدا دەبوایە هەر بەزووترین کات گۆڵی یەکسانبوون تۆمار بکەن، بەاڵم رێکار هاشم یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر لەلێدانێکی ڕاستەوخۆدا توانی گۆڵی یەکسانبوون بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار بکات، بەاڵم ناوبژیوان بەبیانووی ئۆفساید گۆڵەکەی هەژمار نەکرد و گۆڵەکە ڕەتکرایەوە، پاشان هەر لەدرێژەی هێرشەکانیاندا عەبدوڵاڵ سەربەست یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەمجارەیان ئەنجامی یاریەکەی هاوسەنگ کردەوە، ئەنجامی یاریەکە بوو بە 1-1گۆڵ، بەاڵم تیپی خاوەن یاریگا دەستەوەستان نەوستان بەهۆی وەرگرتنی کارتێکی سوور لەاڵیەن ناوبژیوانەوە، ئارارات بە 10یاریزان لەنێو یاریگا یاری دەکرد، ئەم دەرکردنە بووە هۆکارێک کەتیپی بەرانبەر هێشەکانیان چڕتر بکەنەوە، یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر ئاکام هاشم بەلێدانی سەرێکی جوان توانی گۆڵی دووەم و سەرکەوتن تۆمار بکات، لەکۆتاساتەکانی گێمی یەکەمی یاریەکە ئەمجارەیان بەلێدانی سزا عەبدوڵاڵ سەربەست گۆڵی سێیەم و متمانەی بۆ پێشمەرگەی هەولێر تۆمار کرد، گێمی یەکەم بەئەنجامی 1-3 گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بەکۆتایی هات.

گێمی دووەم یاریزانانی ئارارات بەهۆی نەرەزایی لەبڕیاریەکانی ناوبژیوان گێمی دووەمیان تەواو نەکرد و یاریەکەیان جێهێشت، بەم شێوەیە ئەنجامی یاریەکە لەبەرژەوەندی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە 3-1 گۆڵ بەکۆتایی هات ، بەم بردنەوەیە پێشمەرگەی هەولێر دوای بەدەستهێنانی 3 خاڵی یاریەکە یانەی ناوبراو بەکۆکردنەوەی 44 خاڵ هەر لەپێشەنگی یانەکان مایەوە.

ئەنجامی یاریەکانی دیکە بەمشێوە بوو:
دهۆک 0 × پێشمەرگەی سلێمانی 1
نەورۆز 1 × گازی باکوور 1
شێروانە 3 × ئاکرێ 0
زێرەڤانی 1 × برایەتی 3
دەربەندیخان 0 × هەندرێن 0
هەولێر 2 × زاخۆ1

ڕێزبەندی یانەکان لەپلەی یەکەم تا سێیەم بەمشێوەیە دەبێت:
1- پێشمەرگەی هەولێر 44خاڵ
2- نەورۆز 38 خاڵ
3- ئارارات 37خاڵ



www.xebat.net
Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407
پێنج شەممە 2019/4/18 ژمارە (5732) خەبات



مێسی:
ناکرێ دەستپێکی یارییەکانمان وەک یارییەکەی مان یونایتد بێت

دوای بردنەوەکەیان لە یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی، مێسی ئەفسانەی بەرشلۆنە رایگەیاند : یارییەکی ئاست بەرزمان بەرامبەر مان یونایتد تۆمارکرد جگە لە چەند خولەکێکی سەرەتا نەبێت.
مێسی زیاتر گوتی: بەرامبەر مان یونایتد دەیتپیکێکی خراپمان بەرێکرد، ناکرێ لەمەودوا دەستپێکی یارییەکانمان بەمشێوەیە بێت، چونکە رووبەرووی مەترسی دەبینەوە، ئێمە یارییەکەمان بردەوە و قۆناغێکی دیکەمان بڕی بۆ پێشەوە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە.

ئەمشەو لە یورۆلیگ:

ناپۆلی- ئەرسنال
ڤالینسیا- ڤیاریال
ئینتراخت فرانکفۆرت- بەنفیکا
چێلسی- سلاڤیا براگ



مانی رازی نییە کلۆپ بکاتە قوربانی لەپێناو ریال

سادیۆ مانی ئەستێرەی یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری لیڤەرپوول ئیکۆ رایگەیاند کە بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئینگلیزی رووداوێکی مەزنەو خەونی هەموو کەسێکە، بۆ ئەمەش هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین ئەو خەونە بێنینەدی.
دواتر مانی لەبارەی ئەو بایەخەی یانەی ریال مەدرید پێی دەدات گوتی: لەگەڵ لیڤەرپوول زۆر بەختەوەرم، هەموو رۆژێک چێژ لەو یانەیە وەردەگرم، لەگەڵ ئەو یانەیە بەردەوام دەبم تا هەموو دەسکەوتەکان بەدەست بهێنین، زۆر ئەستەمە بتوانم یۆرگن کلۆپ بکەمە قوربانی یانەیەک، چونکە ئەو راهێنەرە زۆر بەتوانایەو هەموو یاریزانێک حەزەکەن لەژێر راهێنەرایەتی ئەودابن، هەروەها گوتی: کلۆپ هەموو یاریزانەکانی خۆش دەوێت، هەمووانیش لەسایەی ئەوەوە ئاستیان بەرزبۆتەوە، کلۆپ راهێنەرێکە هیچ کات فشار ناخاتە سەر یاریزانەکانی.



باڵەی کچانی پەروەردەی دەورووبەر
بوونە پاڵەوانی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان

کارزان کانەبی

لە شاری هەولێر لە هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشی ئەکاد لە شارۆچکەی عەنکاوە بە ئامادەبوونی بەکر کەریم حەسەن بەرێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر وبەرێوەبەری پەروەردەی دەورووبەر و بەرێوەبەری پەروەردەی کۆیە ژمارەیەک لە سەرپەرشتیاران وژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی کۆتایی هات بە یارییەکانی پاڵەوانیەتی باڵەی پەروەردەکانی هەرێم کە بەرێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و هونەر بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی باڵەی کچان لە ناوەندەکانی خوێندن و وەکو بەرنامەی سالانەی خۆی هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم کە تێدا هەریەک لە پەروەردەکانی(دەورووبەری هەولێر، کۆیە ،کەرکووک، ڕۆژهەڵاتی دهۆک، هەڵەبجە، خانەقین) لە پەروەردە گشتییەکانی هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و گەرمیان و کەرکووک بەشداربیان لە کێبڕکێیەکان کردبوو بۆ ئاستی پۆلی (7تا9) بنەڕەتی بۆ ماوەی 5ڕۆژ یارییەکانی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەرێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاریش لە نێوان تیپە بەشداربووەکان هەریەک لە پەروەردەکانی دەورووبەری هەولێر و کۆیە گەیشتنە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیەکە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هاندەرانی وەرزش دۆست یاری کۆتایی لە نێوان هەردوو تیپ ئەنجامدرا، لەم یارییەشدا کچە یاریزانانی هەردوو تیپ بە درێژایی یارییەکە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە یارییەکە خاڵ لە دوای خاڵ تۆماربکەن، سەرئەنجامیش کچانی پەروەردەی دەورووبەری هەولێر بە پاڵێشتی هاندەرانیان و ئاست بەرزی کچە یاریزانەکانیان کە زۆربەیان لە یانەی ئەکاد یارییان دەکردئەزموونیانی باشیان هەبوولەم یاریگایە توانیان یارییەکە بە ئەنجامی(1-3)گێم لە کچانی کۆیە ببەنەوە و ببنە پاڵەوانی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم، پەروەردەی کۆیە و هەڵەبجەش پلەکانی دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا ، لە کۆتایشدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووی پەروەردەیی خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

تیلیگرافی بەریتانی: ئەیاکس سەروەری حەفتایەکانی گێڕاندەوە



یانەی ئەیاکس ئەمسترادامی هۆڵەندی ئەمجارەش بەئاستەبەرزەکەی دەرکەوتەوە و کەتیبەی ڕۆنالدۆی لە خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپای کردەوە، هەروەک پێشتر لەهەمان پاڵەوانێتی ریال مەدریدیشی کردبووە دەرێ. ڕۆژنامەی تیلیگرافی بریتانی دوای بردنەوەکە بە مانشێتێکی گەورە نوسیبووی: ئەیاکس سەروەریەکانی حەفتایەکانی گێڕاندەوە، کاتێک لە یاریی گەڕانەوەدا توانیان لەناو یاریگاو جەماوە لە یۆڤینتۆس ببەنەوە و سەربکەون بۆ یاری پێش کۆتایی. ڕۆژنامەکە بڵاویکردۆتەوە: ئەو تیپە لاوەی هۆڵەندا کە نازانن تۆپ لەقاچیان جیابکەنەوە، لەهەمان کاتیش جار دوای جار لێهاتووانە هێڵی بەرگری بەرامبەریان دەبڕی و بەئاستەبەرز و یارییە جوانەکانیان زوو زوو خۆیان لەناوچەی سزای تیپی بەرامبەر دەبینیەوە.

خیسۆس: ئەگەر هەموو یارییەکان ببەینەوە هیچ بۆ لیڤەرپول نامینیتەوە



گابرێل خیسۆسی هێرشبەی یانەی مان سیتی لە لێدوانێکیدا بۆ تۆڕی ESPN Brazil رایگەیاند کە ئەگەر مان سیتی هەموو ئەو یارییانەی ماوە بیباتەوە ئەوا هیچ نامێنێتەوە کە لیڤەرپوول بەرمان لێبگرێت. خیسۆس دەڵێت: دەتوانم بڵێم نامەوێ ئەوان ببەنەوە، لە رکابەری ئەوان نیگەران نیم، چونکە دەوەستیتە سەر خۆمان، ئێمە 5یارییان ماوە ئەگەر هەموویان ببەینەوە ئەوا پێویستمان بەوە نابێ ئەوان ببەنەوە یان بدۆڕێنن، چونکە بەبردنەوەی ئەو یارییانە نازناوەکە دەبەینەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 18. Apr. 2019 No: (5732)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە هەولێر مانگی کتێب کرایەوە

ئامانجی ئەم مانگە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و هونەرییە



خەبات : حەمەد ئەحمەد جاف

یەکێک لە ئەندامانی (مانگی کتێب) بە ڕۆژنامەکەمانی ڕاگەیاند:ڕۆژی چوارشەمە 2019/4/10، کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران، وەک یەکەم دەستەی دامەزرێنەر، کە بڕیتیبوون لە: (بێکەس حەمەقادر - نیازی حەمەعەزیز - ئازا حەسیب قەرەداغی - زانا خەلیل - شۆڕش غەفووری - بژار حەکیم - حەمە ئەحمەد جاف - محەمەد قادر - ئەسکەندەر زرار) یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی خۆی لە هەولێری پایتەخت سازکرد.لەو کۆبوونەوەیەدا، دەستەیەک لە نووسەرانی خۆبەخش (مانگی کتێب) دامەزرا. ئامانجی ئەم مانگە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و هونەرییە، لەسەر ئەرکی دارایی ئەندامانی خۆبەخشی بەشدار بووی (مانگ). واتا ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی دەبنە ئەندامی (مانگی کتێب) مانگانە بە بڕێک هاوکاری (وەک (ئابوونە) کە لە (١٠) هەزار دینار کەمتر نەبێ) بەشداری دەکەن و پڕۆسەکە بەردەوام دەبێ. تاکو ئێستا زیاتر لە ٥٠ پەنجا نووسەرو ڕۆشنبیر ئامادەیی و هاوکاری و بەشداربوونیان دەربڕیوە . چەند بەڕێزێکیش لەم دەستەیە ئەرکی خۆبەخشانەی ئیدارە و دیزاینی مۆدێرن و هەڵەچن وزمانەوانی و سەرپەرشتی چاپیان گرتۆتە ئەستۆ . بڕیارواید مانگی کتێبێک یان دوو کتێب بخرێتە بەردەست و بیرۆکەش هەیە هەر لەم (مانگ) دوە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیش بڵاوبکرێتەوە.

تێبینی: بڕیار وایە، نۆبەرەکتێبی چاپکراوی ئەو ماڵە ، کۆمەڵە شیعرێکی ئەندامانی (مانگ) بێت.



بەکر پشدەری مانگاوا

هەواڵی مەرگی ناوەختی نووسەرو شاعیری ناسراوی کورد (مامۆستا بەکر پشدەری) مایەی خەمو ناسۆری بوو بۆ نوسەرو شاعیرو ڕۆشنبیران، کە دوێنێ چوارشەمە لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.


بەم بۆنەیەوە بەناوی سەرنووسەرو ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکەمانەوە سەرە خۆشی ئاراستەی بنەماڵەو خانەوادەی خوالێخۆشبوو دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و سەبرو ئارامیش بە کەس و کارو خانەوادەکەی ببەخشێ.

شایەنی باسە بەکر پشدەری شاعیر لە ساڵی 1961 لە ناحیەی هێرۆی سەر بە قەزای قەڵادزێ لە دایکبووەو خاوەنی سیانزە کتێبی شیعری چاپکراوە.

بڵاوکراوەی نوێ

گۆڤاری ددان





گۆڤاری ددان کە تا ئێستا دوو ژمارەی بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، بە ڕەنگاورەنگ و دیزاینێکی جوان دەرچووە، گۆڤارەکە بە دروشمی (تەندروستی لە ددانەوە دەست پێدەکات) هاتووەتە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لەژێر لۆگۆکەدا نووسراوە، گۆڤارێکی پزیشکییە - لەلایەن کۆلێژی پزیشکی ددان - زانکۆی هەولێری پزیشکی بە هاوکاری ڕێکخراوی ددان بڵاو دەکرێتەوە.

خاوەن ئیمتیاز پ.ی.د. دارا حەمە ڕەشید، سەرنووسەر ڕەنج نەژاد سورمێ، لە ژمارە 1دوو جێگری سەرنووسەری هەبووە بەناوی هێڤار هەندرێن و نازەنین نەقشبەندی، هەروەها سێ سکرتێری نووسین شانیا فەرەیدون، عومەر وەلید و ئاریان موحسین، بەڵام لە ژمارە 2بووەتە یەک جێگری سەرنووسەر نازەنین نەقشبەندی، ژمارەی سکرتێری نووسین بووەتە 12کەس بەم شێوەیە: سیڤان سەرکەوت، ئاریان موحسین، شانیا فەرەیدون، عومەر وەلید، عەبدوڵڵا عەبدولکەریم، هێڤار هەندرێن، فرمێسک فەرهاد، یاسنا غەفوور، حەسەن سەفا، نیڤین سالەیی، هۆزان سەردار، یار دانەر.

لە ژمارە 1دا سەرنووسەر نووسیویەتی:" (تەندروستی لە ددانەوە دەست پێدەکات) بەم دروشمەوە خەونی ئێمە بە دەرکردنی گۆڤارێکی پزیشکی تایبەت بە تەندروستی دەم و ددان دەستی پێکرد، گۆڤاری ددان هەوڵ و مانووبوونێکی زۆری ویست بەڵام بە ئیرادەی بەهێزی ستافی گۆڤار و پاڵپشتی ڕاگرایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی توانیمان یەکەم ژمارەی گۆڤار دەربچوێنین بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، لێرەدا کۆمەڵێک ئامانجمان هەیە لەبەشی کوردیەکەدا هەوڵماندواوە خەڵک زیاتر لەوە وشیاربێتەوە وو کرنگی بە تەندروستی دەم و ددانی بدات...."



شانۆگەری (کچانی حەوا) نمایش کرا

ئەردەلان ئازگەیی: پەروەردەیی ناوەندی هەولێر لە وەرزی چالاکییە هونەرییەکانی خۆیدا، شانۆگەری (کچانی حەوا)ی لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ نمایش کرد، ئەم شانۆگەریە کە قوتابیە بەهرەمەندەکانی ساباتی کچان بەرجەستەیان کرد باسی لە کێشەو ئاریشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکردو بە شێوەیەکی درامی خستبوویە ڕوو. لە نمایشەکەدا بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەند مامۆستا دلێر و بەشێک لە مامۆستاو هونەرمەندان و قوتابیان ئامادەیی بوون. شایەنی باسە شانۆگەری (کچانی حەوا) لە سیناریۆو دەرهێنانی (دانا بۆتانی) بوو.